هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی تەکنیکی هەولێر
پەیمانگای تەکنیکی شەقڵاوە
بەشی کارگێڕی کار

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# ڕۆڵی ڕێکخستن لە چارەسەرکردنی کێشەی گەشتیاری لە شاری هەولێر

لێکۆڵینەوەیەکی بیردۆزیە لە شاری هەولێر

توێژینەوەی دەرچوون
پێشکەشە بە پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوە وەکو بەشێك لە پێداویستی یەکانی بە دەست هێنانی بڕوانامە دبلۆم لە بەشی کارگێڕی کار


**بەسەرپەرشتی**
م. یاریدەدەر / عامر عبدالله مجید شێخانی

**ئامادەکردنی**

زەیتۆ مصطفی محمود | حبیبە طاهر علی
پەرێشان عبدالله احمد | هێور واحد احمد | ایلاف شوان محمد


2716 ك | 1437 هـ | 2015 - 2016 م

# الآية القرآنية

سورة (الزمر) اياة

(10-9)

## پێشکەشە بە :

- ❖ بەو دایك و باوکەی کە ئێمەیان گەیاندووە بەم رۆژە.
- ❖ بە مامۆستایان و کارمەندانی بەشی کارگێڕی کار.
- ❖ بە مامۆستای خۆشەویستمان (م.دلاوەر حەسەن حمدامین).
- ❖ بە خوشك و برا و هاوڕێیانمان.
- ❖ بە هەموو خوێنەرانی توێژینەوەی زانستی

## سوپاس و پێزانین :

- ❖ بۆ مامۆستای سەرپەرشتیار و بەرێز (م.یاریدەدەر عامر عبدالله مجید) کە بەردەوام هاندەر و رێنوێن و هاوکار مان بوو.
- ❖ بۆ کتێبخانەی پەیمانگای کارگێڕی شەقلاوە لە هاوکاری کردنیان بۆ تەواکردنی ئەم توێژینەوەیەمان.
- ❖ بۆ کتێبخانەی زەیتونە لە پارکی سامی عەبدولرحمان کە زۆر هاوکارمان بوون بۆ توێژینەوەکەمان.
- ❖ بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی کە لە گەڵمان ماندوو بوون.

# پێرستی بابەتەکان


| زنجیره | ناوەڕۆك | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .1 | الآية القرآنية | أ |
| .2 | پێشکەشە | ب |
| .3 | سوپاس و پێزانین | ج |
| .4 | پێرستی بابەتەکان | د |
| .5 | پێشەکی | 1 |
| .6 | بەشی یەکەم ڕۆڵی ڕێکخستن لە بەڕێوەبردندا | 24-2 |
| .7 | باسی یەکەم مانای ڕێکخستنی ڕێکخراوەکان | 2 |
| .8 | باسی دووەم ئامانجەکانی ڕێکخستن | 4 |
| .9 | باسی سێیەم جۆرەکانی ڕێکخستن | 13-5 |
| .10 | باسی چوارەم تایبەت مەندێکانی ڕێکخستن | 13 |
| .11 | باسی پێنجەم ستراتیژیەت | 15- 17 |
| .12 | باسی شەشەم ستراکچەرەکانی ڕێکخستن | 17- 24 |
| .13 | بەشی دووەم گەشت وگوزار | 56-25 |
| .14 | باسی یەکەم چەمك و پێناسەی زاراوەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەمان | 29-25 |
| .15 | باسی دووەم دروستبوونی گەشت و گوزار و قۆناغە مێژووییەکانی | 29 |
| .16 | باسی سێیەم گرنگی دەرونزانی | 32-31 |
| .17 | باسی چوارەم گرنگی گەشت و گوزار | 36-32 |
| .18 | باسی پێنجەم نموونەی شوێنێکی گەشتیاری هەولێر | 48-45 |
| .19 | باسی شەشەم نموونەیەکی تری گەشتیاری شەقلاوە | 49-46 |
| .20 | روونکردنەوەی توێژەران بۆ لیستەکانی راپرسی | 54-48 |
| .21 | سەرچاوەکان | 55 |
| .22 | لیستی پاشکۆی راپرسی | 56 |

## پێشەکی

ڕێکخستن بەکاردێت بۆ زۆربەی لە نووسراوەکانی کارگێڕی واتا ڕێکخستن لەوانەیە ببێتە بازرگانی و گەشتوگوزار و پیشەسازی و فێرکاری و سیاسی و وەرزشی .... هتد وە ووشەی ڕێکخستن کۆمەڵە کەسانێك پەیوەندی بەستراویان دەبێت بە ئامانج گەیشتنی ئەو کارەی کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن. بە مانایەکی تر ڕاگرتن و دروست کردنی هاوسەنگیە لە نێوان ئەرك و پێداویستیەکانی ژیان. ئەوانەی لە ئەزموونەکانی ژیاندا سەرکەوتوون، دەزانن چۆن کاتەکانیان لە پێناو هێنانەوەی ئامانجەکانیان ڕێکبخەن، مرۆڤ ئەگەر دوێنێ بەدوای بژێوی ژیاندا گەڕابێ، ئەوا ئەمڕۆ بە دوای خۆشگوزەرانی چێژی دەروونی و کردنەوەی بیرو هۆشدا دەگەڕێ، ئەمەش ئەو چەمکە دەگرێتەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە گەشت و گوزار ناسراوە. وە گەشت و گوزار پێداویستیەکی گرینگە بۆ مرۆڤ، بەتایبەت لەو کاتانەی مرۆڤ تواناکانی لە کارکردن کەم دەبێتەوە و وزەی کارکردن و بەرهەمهێنانی لە جەستە و لەبیرکردنەوەی و لە دەروون نامێنێت.گەشت و گوزار وەك چالاکییەکی ئەم سەردەمە لە گۆڕان پێشکەوتنی خێرا و بەردەوامیدایە،هەروەها زیاتر پێویستی بە یاری و بەهەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك هەیە. خزمەتگوزارییەکان هەندێکیان بەرجەستەن و دەبینرێن، ئێمە وەکو توێژەرانی کارگێڕی حەزمان کرد بابەتی ڕێکخستن بهێنینەوە کار زیاتر گرینگی پێبدرێت چونکە ڕێکخستن یەکێکە لە چوار هۆکارەکانی (فاکتەرەکانی) هەموو کارێك بۆیێ ئەم بابەتەمان بە باش زانی تا بتوانین لایەنی گەشتیاری بخەینە ڕوو بە ڕێکخستنی گونجاو تا بتوانین کەرتێك لە کەرتەکانی هەولێرەکەمان بەبە و پێش ببەین و بە وولاٌتانی جیهان بناسێنین.

## بەشی یەکەم

## ڕۆڵی ڕێکخستن لە بەڕێوەبردندا

### باسی یەکەم : مانای ڕێکخستنی ڕێکخراوەکان

لێرەدا دەتوانین کۆمەڵێك مانا بۆ ڕێکخستن شیبکرێتەوە کە گرنگترینیان :- بریتیە لەئەو وەزیفەیەی ، کەپێویستە کارگێری پیادەی بکات ، بۆیە ڕێکخستن کردارێکە دامەزراندنی ڕێکخستن و بنیاتێکی فەرمی دەخوازێت ، و دامەزراندی فەرمانگە و بەش گەلێکی گارگێری و دەسەڵاتی هەر فەرمانگەیەك و دیاری کردنی تاکەکان و بەرپرسان و دیاری کردنی بەرپرسیاریی هەر تاکێك و ڕێ وشوێنەکانی کار وشتی تریش دەخوازێت. ( بەرنووتی. ، کار، تایبەتمەندی و وەزیفە کارگێڕیەکان ، و. ئەبابەکر ،یەکەم، ٢٠١٤،لا٣٦٦)

هەندێکی تر مانای ڕێکخستن بەوە لێك دەدەنەوە ڕێکخستن پیشەیەکی بەڕێوبردنە ، گرنگیەکی زۆری هەیە ، ڕاستەوخۆ پاش کرداری پلاندانان دێت ، پیشەیەکی بەڕێوەبردنەو تایبەتە بە داهێنان و ڕێکخستن و تەواو کردنی پلانی نەخشە بۆ کێشراو ، تا بەرهەمهێنان بە توانایەکی بەرز لەسەر دەستی کرێکارانی پسپۆڕ بەدی بهێنێت هەروەها دیاری کردنی چالاکییە جیاوازییەکان لە ڕێکخراوەکەداو دابەش کردنیەتی بەسەر هێزی کاردا وبە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکان .

لە ڕووی پەیوەستە بە کۆششی کۆمەڵەوە . ڕێکخستن هۆکارە نەك ئامانج ، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی بەڕێوبردنە پەیوەستە بە ئیشەکانی کارگێری باڵا . ڕێکخستن گونجاندنی دەسەڵات و بەرپرسیارەتی و پەیوەندی کەسەکان لەگەل یەکتردا ڕێك دەخات . ( ألجویسی ، جادالله ، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن دووەم ، ٢٠١٤ ، لا ٩٢) .

### پێناسەی ڕێکخستن

ڕێکخستن بنیاتێکیش دەیانکات بە قەوارەیەك و وە لەئەنجامی ئارەزیی تاکەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوندییەکانیان چەسپاوی گەلێك دروست دەبێت . لەزانستی بەڕێوبدرندا زاراوەی

بنيات /بناغه بۆ ئامادەکردن بەم چەسپاویانەی ، کە هاوتای بنیاتی قەوارە مایەکییەکانە، بەکاری دەهێـنین . رێکخسـتن ، واتـای دامـــەزراندنی فەرمانـــــگە و دیـــاریکردنی بەرپرسـیانیان و دەسـەڵاتەکانیان و رێوشـوێنەکانی کـار و هـی تـریش دەگـــرێتەوە . ( بەرنـــووتی ، ، کـار، تایبەتمەندی و وەزیفە کارگێڕیەکان ،و. ئەبابەکر یەکەم،٢٠١٤،لا١٤،لا٣٢)

رێکخســتن. کردارێکــی گارگێڕیەیــە گرنگــی دەدات بــە کۆکردنــەوەی کــردەو جموجۆڵــەکانی کەدەمانەوێت پێی هەڵسی لە وەزیفەکان یان بەشەکان و دیاری کردنی دەسەڵات و رێپێدان و و هەمەهەنگی ئامانج و لەگەڵ چارەسەرکردنی گرفتەکان و بۆچوونە جیاوازەکان کەوا رووبەرووی جمو جۆڵی بەشەکان دێتە وزە بەهۆی ئـەندامانی رێـکخستن بە شێوەکی گونجاو. (عبدولله و عبدولله پرێنسیپەکانی کارگێڕی، ، ٢٠١٣، لا١٠٨)

**رێکخستن بەبۆچوونی ( موونی و دایلی ):** رێکخستن بریتیە لە یەکگرتنی کۆمەڵێك خەڵك ، هەموویان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکیهاوبەش تێدەکۆشن ، لەناو رێخراوەکەدا کارەکانیان پەیوەستە بەیەکەوە .

**لەم ناساندنانەوە دەگەینە ئەم ئامانجانە :**

تـاکی کارکـەر لـەناو رێکخراوەکـەدا بەشـێوەی کۆمـەڵا لـە هـەوڵی بـەدیهێنانی ئامـانجی ریکخراوەکەدان

1) تـاکی کارکــەر لــەناو رێکخراوەکــەدا بەشــێوەی کۆمــەڵا لەهــەوڵی بــەدیهێنانی ئامــانجی رێکخراوەکاندان.
2) بوونی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێوان کەسەکاندا .
3) بوونی پەیکەرێکی رێکخـراوی بـەرێوە بـردن کـە هـەموو تکێکـی کۆششـکەر بگرێتـە خـۆی ، واتـە دابەشکردنیان بەسەر چالاکیە جیاوەزەکانی رێکخراوەکەدا .
4) بوونی سیستەم و رێگاکانی تەواوکردنی کار بەشێوەیەکی دیاریکراو لە تەواو کردنی ئیشەکاندا .
5) دیـاریکردنی ئـەو مـەرج و باسـانەی پێویسـتە لـەو کەسـانەدا هـەبێت کـە پۆسـتی بـەرێوەبردن دەگرنەدەست . ( ألجیوسی ، جادالله ، و.محمد ، ٢٠١٤ .لا٩٣ ) .

## باسی دووەم

## ئامانجەکانی ڕێکخستن

**ئامانجی ڕێکخراو**:ئەگەر پەیامی ڕێکخراو دەربڕین بێت سەبارەت بە هۆی دروست بوونی ڕێکخراوە، ئەوا ئامانجەکان ئاماژە بەکۆتاییەکان دەکات کەتوانای بۆتەرخان دەکرێت .

**بۆیە مەبەستمان لەئامانجی ڕێکخراودا :**

ئامانجی ریکخراو بریتیە لەو دەرەنجامەی کە ریکخراو مەبەستیەتی وەئارەزووی لێیەتی وە لە پەیامەکەشی دا هەیە بەدەستی دەهێنێت . زانا پیرۆ بەو شێوەیە پێناسەی ئامانجی ریکخراو دەکات .

وە زانا سکۆت دەڵێت : ئامانج بریتیە لەو دەرەنجامە دیاری کراوانە کە ریکخراو دای دەنێت و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی دەدات ، ئەو ئامانجانەش بریتین لە داتای گشتی بۆ ئەشتانەی کەپێویستە ریکخراو ئەنجامی بدات و هۆکاری دروست بوونی بریتی یە لەو بەهایەی کەلەسەری دامەزراوە لەبوونیدا .

## گرنگی ئامانجی ریکخراو :

١–ئامانجی ریکخراو : ئەو مەبەست و ئارەزوانەیە کە ریکخراو حەزی لێیەتی بەدەستی بهێنێت.

٢–کەسەکان و کۆمەڵەکان و ئامادە دەکات و بۆ هەماهەنگی کردنیان لەدروست کردنی هێزێکی یەك گرتوو بۆ ریکخراو .

٣–ئامانجی ریکخراو یارمەتی ریکخراوەکە دەدات بۆ درووستکردنی بنەمایەکی یاسایی لە هۆکاری بوونی ریکخراو .

٤– ئامانجی ریکخراو یارمەتی ریکخراوەکەدەدات بۆ زانین و تێگەیشتن و خۆ گونجاندن ئەمەش لە ئەنجامی ئامانجی فەرمی و ئامانجی جێبەجێ کراو .

٥– ئامانجی ریکخراو گرنگی دەدات بە بەهێزکردنی پەیوندی گشتی ریکخراو لە نێوان کەس و کۆمەڵەدا کە لە ریکخراوەکانی ژینگەدا هەن .

٦– ئامانجی ریکخراو هۆکاریە بۆ دۆزینەوەی پێوەری دیاری کردنی چالاکیەکانی ریکخراو .

(وەلی ، عبداللە ، نجم ، ٢٠١٥بیردۆزی ریکخراو ، لا٧٧–٧٨)

## باسی سێیەم

## جۆرەکانی رێکخستن

نوسەرانی کارگێریو پسپۆڕان لە رێکخستن بەراورد لە نێوان دوو جۆر رێکخستن یان رێکخستنی کارگێری دەکەن ئەویش رێکخستنی فەرمی و رێکخستنی نافەرمی .لە خوارەوە باسی ئەو دوو جۆرە:

### یەکەم : رێکخستنی فەرمی

بنیات نانێکی فەرمی یە کەوا پەیوەندیەکان و ئاستەکانی کارگێری کارەکان دیاری دەکەن کە کەسان پیێ ی هەڵسن و ئەرك و لێپرسراویەتیەکانی دابەش دەکرێت بەشێوەیەك رێبدات هەلسیێ بەکاروکردەوە و پیشەکانی بۆ هەر یەکەیەکی کارگێرین یان کەمێك لەرێکخراوەکە. ئەم رێکخستنە فەرمی یە ئاسان کاری دەکات بۆ کارەکان چونکە پلانێکی رێکخستە کەوا پەیوەندیەکان ئاشکرا دەکات لەنێوان جۆرەها پیشە . ئەم پلانە نەخشە دەکێشێ بۆ رێزبەندی سەرۆکایەتی دەسەڵات و دیاریکردنی لێپرسراوێتی فەرمی دەردەکات لەگەڵ رێرەوەکانی پەیوەندیەکان لەنێوان هەموو لێپرسراوان وەك لەم وێنەیە هاتووە :

بۆ ئەوەی رێکخستنی فەرمی ئامانجەکانی بەدەست بێنێ دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

1) ئەندامەکانی بەئاسانی پەیوەندی بکەن بەیەکەوە .
2) هەبوونی پەیوەندیەکی چاك وا لە ئەندامەکانی دەکات بەسنگ فراوانی پێشوازی لە فەرمی یەکان دەکەن و گرنگی پێدەدەن لەکاتی دەرچوونی .
3) هەڵخستنی تواناکانی پێویست و ئاسان کاریەکانی کەوا کار پێویستی یەتی بەهۆی ئەوەوە سودمەندە و توانای بەرز دەکاتەوە بەشێوەیەکی چاك .
4) بەدەست هێنانی ئامانجەکانی رێکخراوەکە بەکەمترین تێچوون و هەولدان و کات و هەولدان بۆ بەکارهێنانی تواناکانی لەبەردەست دایە لەگەڵ روون کردنەوەی هەموو هەنگاوەکان و رێرەوەکانی دەسەڵات و لێپرسراویەتی و کار لەسەر پەرەسەندنی ئەندامانی بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی پێو یست.
5) پۆلێن کردن و کۆکردنەوەی کارەکانی یەك شێوە لەیەك شوێن دا لێهاتووی کەسەکان دەرکەویێ کەوا پێویستە بۆ هەموو کۆمەلی ئەم وەزیفانە .

6) بەدەست هێنانی ( پرینسپی تکافۆ ) لە نێوان دەسەڵات و لێپرسۆاوی لەکاتی موحاسەبە کردنـی هەرکەسـێك وە پـیاچوونـەوەی بەسـەر کارەکـانی لەلایـەن سەرۆکـی راستەوخۆی بۆی .

7) پەنا بردنە بەر کەسانی پسپۆڕ و راوێژکاران گەر قەبارەی کارەکە فراوان بوو لەبەر ئەستەمی هەلسانی سەرۆك یا بەرێوبەر بۆ هەموو کار و کردەوەیەك کە دێتە پێشەوە .

8) جـەخت کـردن لەسـەر گرنگـی و ئاسـانی رێکخسـتن و نـەرم ونیـانی ، بـۆ بارودۆخـەکانی گۆرانکاری و پەرەسەندنەکانی .

## دووەم : رێکخستنی نا فەرمی

لەوانەیەی پێشوودا دەرکەوت کەوا رێکخستنی فەرمی ڕەنگدانەوەیەکی پلانـی رێکخستن و هەیکەلی رێکخستن کەوا گرنگی دەدات بەکارەکان و کردەوەکان کەپێویستە جیٚ بە جیٚ بکات لەلایەن رێکخراوەکە یان دامەزراوەکە .

لە بەرامبەردا دەبینین رێکخستن گرنگی ئەدات بە پێداویستی هاندانەکان کەوا دەتوانین دەریان بخەن رێگەی فەرمی . کەچی رێکخستنی نافەرمی لەوانەیە بە پیٚ ی پێویست کوٚك نیە لەگەڵ هەیکەلی فەرمی . دوای بە دوای ئەمە دەتوانین پێناسەی رێکخستنی نافەرمی بکەین کەوا کۆمەڵێك پەیوەندی یەکە وادادەمەزرێت و بەردەوام دەبێت لە نێوان کارمەندان بەهۆی هەبوونیان لەیەك شوێنی کارکردن و بەشداریان لە ئامانج و گرفتەکانی لێکچوو .ئەم جۆرە رێکخستنە دەردەکەویٚ لە ئامانجی پەیوەندی یەکانی

راستەوخۆ یا دەست نیشان کراو لە نێوان کارمەندا و لەناو رێکخراوەکەدا ، هەل ئەسیٚ بە رۆلێکی سەرەکی لە دیاری کردنی بۆچوونەکان و ڕەوشتەکانی کارمەندان یان فەرمانبەران هەروەها کاریگەری زۆری هەیە لە دیاری کردنی ئاستەکانی بەرهەم هێنان لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ ئاستەکانی کەوا رێکخستنی فەرمی داوا دەکات جا بە زیادە یاخۆ بەکەمی .

هەبوونی رێکخستنێکی نا فەرمی لەهەر رێکخراوێکدا لەوانەیە کوٚك نەبیٚ یان نەگونجیٚ لەگەڵ رێکخستنی فەرمی .

ئەم جۆرە رێکخستنە وا پێویست دەکات کەوا سەرۆك و بەرێوبەر و فەرمانبەران پاز بدات بەسەر پـلانە فەرمی یەکان و پەیوەندیە فەرمیەکان لەجیاتی ئەوە هێڵەکانی نافەرمی بەکاردێن بۆ تەواو کردنی کارکانیان . لەلایەکی تر ئەم جۆرە رێکخستنە کەچی نافەرمی یە بەڵام بەشێوەیەکی

ناریکخستن کارنـــاکات ، ئەنـدامی نـا فـەرمی کەسـێك لـەناو خۆیـان دەسـت نیشـان ئەکـەن کەخاوەن شارەزای و لێزانە و کاری گەری هەیە و باش هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ کەسانی تر بۆ ئەوەی بۆ یە سەرکردەیەکی فـەرمی بـۆی .

بـەکورتی دەڵـێن ڕێکخسـتنی نافـەرمی بـەهێزە لەگـەڵ ئـەوەی تێبـینی ستراکچـەری رێـکخستنەکەی ناکرێت لەگەڵ ئەوەی ناتوانریٚ لێپێچانەوەی لە گەڵدا بکرێت لە ئەنجامی کەم و کوڕی یان دەست خۆشی لیٚ بکریٚ گەر سەرکەوتووبوو .

رێـکخستنی نافەرمی و رێـکخستنی فـەرمی

- لە ئەنجامی کۆبـوونەوەی تاکە تاکە لەناو رێخـراودا لـەگەڵ پـەیوەندی لە نێوانیـاندا .
- ئامانجی رێخراوەکە نافەرمي یە ئەویش تێرکردنی پێداویستی تاك و کۆمەڵە کەسێك لە رێخراوەکە .
- ئامانجی تاکە کەسی تێربوونی پێداویستی یەکانی مادی و مەعنـەوی لەگەڵ پـەیوەندی کـردن بە کارەکە .
- پەیوەندی تاکەکەس پـەیوەندی کۆمـەڵایەتی یە لەگەڵ پەیوەندی کەسیەتی .
- پـەیوەنـدی پێـك دێـت بـە هـۆی کارگـەری توانـا و کـەوا دا دەکـەویٚ بـە گـوێرەی پـەیوەندیەکـانی کـۆمـەڵایـەتـی .
- ئامانج وکردەکانی فەرمی دەردەکات .
- ئامانجی رێکخستنی فەرمی بەدەستاهێنانی ئامانج بە توانا و کارلێکردن .
- ئامانجی تاکە کەس بەجیٚ هێنانی پیشەکە .
- پەیوەنـدی تاکە کـەس ئەو پەیوەندیانە بەرێوەبەریـە فەرمی یانە یە بۆ پیشەکان
- پەیوەندیـەکان پێك دێت بە پێی زنجیرەی هەرەمی .

## عەیبەکانی ( خراپی یەکانی ) سـوودەکانی

- دەرکردنی بڕیارەکان لە رێکخستنی نافەرمی کاتێکی زۆر دەخایـەنیٚ کـەوا تـەرخان کراوە بـۆ تەواو کردنی کارەکە .
- سـەرهەڵدانی هەنـدیٚ سلبیات ( بەێوبـەری نافـەرمی ) لـە رێکخسـتنەکە وەك پڕوپاگەنـدەی ناتـەواو و نادروستە دەر دەچێت لـەو کەسـانەی هەڵئـەدەن کـاری سـەلبی لـە دەرونـی ئـەوانی

تردا بچێنن بۆئەوەی کارەکان باش ئەنجام نەدەن ئەمەش لەوانەیە بەخێری ڕێکخراوەکە نەبیت و دژی ئامانجی ڕاستەقینەی فەرمی بێت .

- دیاری کردنی ئاستی بەرهەم هێنان به تایبەتی له ڕێکخراوەکانی پیشەسازی دا کۆمەڵە کەسێك کارگەیان هەیە لەسەر تاکەکەس بۆ دیاری کردنی بڕێکی دیاری کراو لە بەرهەمی ڕۆژانه ئەمەش هەوڵێکی کۆمەڵە کەسێکە بۆ ئەوەی جیاوازی لێهاتووی و بزربکەن .
- داپۆشینی هەندێ هەڵە لە کارکردندا لەلایەن ئەندامانی ڕێکخستنی نافەرمی بۆ پاراستنی خۆیان له هەر لێپێچانەوەیەك لەلایەن لێپرسراوان .
- بوونی تیم و کۆمەڵ بەشێوەی گەیشتن بەیەك بە نا فەرمی کە ئەنجامی تێربوونی پێداویستی دەروونی لێ دەکەوێتەوە لە لای کارمەندانی لە ڕێکخراوەکاندا پاشان دەبێتە زیادەی ڕەزامەندی پیشەیی لەلایان .
- جۆرێك نەرموونیانی دەبینرێ لە دەرکردنی بڕیارەکان یارمەتی بەجێهێنانی کارەکە ئەدەن .
- پشتگیری کردنی هۆیەکانی پەیوەندی و بەهێزکردنی دەبێتە خێرایی یەکی زۆرتر لە ئاستەکانی ڕێکخستنی فەرمی .
- قەرەبووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی نافەرمی لە پەك کەوتن و کەم تەرخەمی لەوانەیە لەرێکخستنی فەرمی دا هەبێ لەکاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون و پێشنیارەکانی نا فەرمی کەوا کارمەندان پێشکەشی لێپرسراوانی دەکەن .
- هەبوونی زۆری ڕێکخراوەکانی نافەرمی بۆ لێپرسراوان لە ڕێکخراوەکەدا پاڵپشتیکی هەڵگەڕاوەیە

بۆ ئەو بۆچوون و کار و کردەوە پێچەوانانەی کارمەندانی ڕاستەقینە بۆ هەر بڕیارێکی بەرێوبەر.

## پرێنسیپەکانی رێکخستنی کارگێری

بابـەتی رێکخسـتن بەسـێوەیەکی گشـتی و پرێنسـیپی رێکخسـتن کـارگێری بەشـێوەیەکی تایبەتی لە بابەتانەیە کەوا گرنگی هەبوو لەلایەن ڕاگەیاندنی بیرۆکەی کارگێری لـە ئیسلام دا لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە پرێنسـیپی شـورا و پرێنسـیپی ڕێپێـدان بـە دەسـەڵات و پرێنسیپی پلە پلەکردنی سەرکردەی دەسەڵات و پرێنسیپی نـەرم ونیـان . ئـەم هـەموو مەبدەئانـە تا ئێستاش جیٚ ی گرنگی پێدانی زانایانی رێکخستنی کارگێری نوێیە .

بـەڵام لـە چـەرخی نـویٚ دا زانایـان کـارگێری سـەرەتایی بەتایبـەتی خـاوەن بیردۆزەکـان لـە رێکخراودا گرنگی زۆریاندا بەدانانی ژمارەیەك لە پرێنسیپی و بنەمایانە کەوا دەبێتە ڕێنمایی بۆ ئەو کەسانەی هەڵ ئەسن بە ڕێکخستنی بەرێوبەری . ئەم مەبادیئانـە کـە دانـران ، پەسـەند کـران لەلایەن توێژەران و بەکارهێنانی لە بواری بەرێوبەری دا کەوا رێکخەرەکانیان پیٚ ی پابەندن بوون کاتیٚ کاری رێکخستنی بەرێوبەریان ئەنجام ئەدا .

بــەڵام ئــەم مەبدەئانــە جــیٚ ی ڕەخنــە بــووە لەلایــەن هەنــدیٚ زانــای گــارگێڕی لەمانــەش بەناوبانگەکـەیان ( هێربـرت سـایمۆنە) کـەوا هەڵسـا بـە گفتوگـۆکردن و شـی کردنـەوەی ئـەم پرێنسیپانە و ڕەخنە لیٚ گرتنیان سایمۆن هـەوڵی دا کـەوا پێچەوانەی ئەم پرێنسیپانە ئاشکرا بکات و کەوا لەگەڵ هەموو بارو دۆخێکی رێکخستنی کارگێری یەك ناگرێتەوە .

تائێستاش جیٚ ی گرنگی پێدانی زۆر لەبایەخ پێدەرانی بابەتی رێکخستنی کارگێری جا چ لـە مامۆستایان بیٚ یان قوتابیانی کۆلێجەکان و یا ئەوانەی ئەم ڕێکخستنە ڕێکخستنە بەکاردێنن . لـەم بارەیـەوە ئـەم پرسـیارەی کـە پێویسـتە بکرێـت لێـرەدا مەبەسـت لەپرێنسـیپی ڕێکخسـتنی کارگێری چی یە ؟ ئەم پرێنسیپانە تـەنها ڕێنمـای و ئاڕاسـتە نـی یـە بـەڵکو کرداری ڕێکخستن دەبێتە چالاکی بە جیٚ هێنانی کاری کارگێری بە توانایەکی چاك و بە کەمترین تیٚ چوون.

لە خوارەوە گرنگترین پرێنسیپەکانی کەوا زۆربەی نووسەرانی کارگێری ڕێکخستن لـە سـەری کۆکن دەخەینە ڕوو بەم شێوەیە :

### 1) پرێنسیـپی ئامانج :

مـەبەست لە رێکخستن ئەوەیە ڕێك دانانی جموجوڵی پێویست لە رێکخراوەکەدا بۆ بەدەسـت هێنانی ئامانجـەکانی دیـاری کـراو ، جـا لەبـەر ئەمـە پێویسـتە ئامـانجێکی ڕوون و دیـاری کـراو

هـەبی لـە هـەر کردارێکـی ڕێکخسـتنی کـارگێری دا . هـەر دامەزراوەیـەك کـە دادەمـەزرێ جـا چ حکومی بێت یـا تایـبەتی دا ئەمـەزرێ بـۆ بـەدیهێنانی چـەند ئامانجێك . گـەر ئـەم ئامانجانـە بەبوون کەبۆی دامەزراوە ، ئەوا لەسـەرەتاوە بوونـیان هەڵەیە و هیچ پێویست ناکات کە هەبێ .

دیاـری کـردنی ئامانـج وا دەکـات پـەرە بـە پـلان و جـێ بـەجێ کردنـی بدرێـت و بـەووردی هەوڵەکان و ئاڕاستەکانی کارەکان و هەوڵەکانی کۆمەلی بەڕێوە دەچن بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجە .

## 2) پرێنسیپی پـیشـە :

پیشە وا دائەنرێ یەکەیەکی بنەڕەتیە لە هەر ڕێکخستنێکی کارگێڕی دا . بریتیـە لـە پلـە و پایـەك یان کارێکی دیاری کەوا ئەرك و لێپرسراوێتی دەگرێتە خۆ .

لە سـەر ئـەم بنەمایە ڕێکخستن رەچاوی تایبەتمەنـدی پیشـە و پێداویسـتی یـەکانی دەکـات لەگەڵ لایەنی ئەم ڕێپێدراوانە دەسەڵاتیان و لێپسراویەتی یەی هەیەتی کەوا پـێ ی وە بەندە . بێ ئەوەی تەمەشای ئەوە بکرێ کێ یە پیشەکە دەکات .

بـە مانایـەکی تـر ڕێکخسـتن تـەواو دەبێـت لـە سـەر بنـەمای پێداویسـتیەکانی پیشـە لـە ڕێکخراوەکەدا ، ئـەو کەسـە بـۆی تـەرخان کـراوە کـارگێری ببـات کـاری تـێ ناکـات لـە پیشـەکەدا بەڵکی پیشەکە جێگیرە . لەگەڵ ئەوەی گەر فەمان بەران بگۆڕین ئەوانەی پیشەکە ئەنجام ئەدەن .

## 3) پرێنسیپی پسپۆڕی و دابـەشـکردنـی کـار :

بنەمای هەر ڕێکخستنێك دابەشکردنی کارە . کار ئەوەیـە لـە وانەیـە کـەوا ئامـانجی ڕێکخراوەکـە بێ یان کردارێکە چەندەها کارمەند پێ ی هەڵ ئەسن پێویسـتە دابـەش بکرێـت بـۆ بـەش بـەش و بەسەر کارمەندەکاندا دابەش بکرێت .

ئەگەر چـەند کارێك یـەك تاکـە کـەس بتـوانێ ئـەنجامی بـدات ئـەوا دابـەش کردنـی کارەکـان بەسەر چەند کەسێکدا دەبێتە ڕاپەڕاندی کارەکە بە خێرای و باشتر .

جا لێرە دا دەتوانین بڵێین کەوا دابەشـکردنی کـار لـە بنەڕەتـدا متمانـەی لەسـەر دابـەش بـوونی جموجۆڵی ڕێکخراویە بۆ بەشـەکانی پیشـەی سـەرەکی و لەپاشـان ئـەم بەشـە سـەرەکیانە دابـەش دەکرێن بۆ لقی جیاواز تا کەمترین و بچوکترین پیشە کەوا لەگەڵ یەکتر دەگونجێن .

جـا لەسـەر ئـەم بنەمایـە کارمەنـدەکان دابـەش دەکـرێن بەسـەر کـارە جیاوازەکـانی هەریکـە و پسپۆڕی خـۆی بـۆ ئـەوەی سـوود لـە پسپۆڕی ووردەکـاری کارمەنـدەکان ببیـنین بـۆ ڕاپەڕانـدنی کارەکانیان و بەرهەمی پوخت و زۆر . جا بەم پێ یە داواکاری پسپۆڕی لە زیاد بوون دا دەبێت تاکوو مرۆڤەکە باڵا دەست بێت لە کارەکەی کە ئەنجامی دەدات .

بـەپێ ی ئـەم شـکلە دەتـوانین تەمەشـای پرێنسـیپی پسـپۆڕی و دابەشـکردنی کاربکـەین لـە گۆشەی کاریگەریەتی لەسەر ڕێکخستنە کەدا .

## (( پسپۆڕی و دابەشکرنی کار بە ستوونی و ئاسۆیی ))

لە تەمەشاکردنی شێوەکەدا ڕونە کەوا جمووجۆڵی ڕێکخستنەکە دابەشکراوە بۆ سێ پسپۆڕی سەرەکی ( ئاسۆیی ) بۆ کڕین و بەرهەم هێنان و دابەشکردن .

دەبـێ پێویسـت دەکـات کـەوا جموجۆڵەکـە دابەشـبکرێت بـۆ کـاری پـلان دانـان و کـاری جێبەجێ کردنی ( ستوونی ) هـەروەها دەتوانین لەسـەر ئاسـتی پلانەکە بە ( ئاسـۆیی ) دابەشـی کارەکە بۆ سێ پسۆڕی ( أ ١ ، ب١ ، ج١ ) هـەمان شـت بەنسبەت کاری جێ بە جێ کردن بۆ ئاسۆیی ( أ١ ، ب١ ، ج١ ) .

## 4) پرێنسیپی یەکگرتووی سەرکردایەتی :

ئـەم پرێنسـیپە زۆر نـاوی هەیـە وەك یـەکگرتووی سـەرۆکایەتی و یـەکگرتووی فرمـان ، یەکگرتووی دەرکردنی فـەرمانەکان . ناوەڕۆکی ئەم پرێنسیپە پێویستە فەرمانبەر یان کـرێکار سـەرکردەیەك یا سەرۆکێکی هەبێ کەوا فەرمان و زانیاری و ڕێنمای وەردەگرن . فـەرمان بـەڕۆڵی خـۆیی هـەڵ ئەسـێ لـە کارکردنـدا بـەپێ و ئـەو ڕێنمایانـە ، ئـەنجامی ئـەم پرێنسـیپە ئەوەیـە فەرمانبەر لێپسراوە لەبەرامبەر کارەکانی لەبەردەم سەرۆکەکەی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات دەربارەی کارەکەی بۆ ئەو سـەرکردەیە یا ئـەو سەرۆکە وە ئـەم سـەرۆکەش لێپرسـراوە بەرامبـەر بەسـەرۆکی باڵـا . بەمـە هێڵێکـی روون و ئاشـکرا دەردەکـەوێ درێـــژ دەبـێـتــەوە لەســەرۆکی باڵاوە لە ڕێکخراوەکەدا بۆ هەموو کارمـەندان لەرێی سەرۆکەکانیان و سەرپەرشتیارانی .

## 5) پرێنسیپی لایەنی سەرپەرشتی :

لایەنی سەرپەرشتی ،کەوا هەندێ کەس پێی دەڵێن لایەنی کارگێڕی و یان لایەنی چاودێری ، مەبەست ئەوەی تاچەند سـەرکردە یا سـەرۆك دەتوانێ سەرپەشتی کردنی کاری گەری بـێت

لەسەر کارمەندانی ژێر دەسەڵاتی تەوقی سەرپەرشتی دیار دەکات بە ژمارەیەك کارمەند کەوا سەرۆکێکیان هەیە ، وەك زانراوە هەر سەرۆکێك یان لێپسراوی ووزە ناتوانێ تێپەڕی کات بەو پێ یە نابێ کەسانی ژێر دەستی زۆر بێت کە نەتوانی بەتەواوی سەرپەرشتیان بکات کەوا لەتوانای ئەو زۆرتر بێت لەبەر ئەوەی نەوەك نەتوانرێ چاودێری بکرێن و ڕێنمایی بکرێن یان نەتوانرێ کارەکانیان هەڵسەنگێنن .

## 6) پرێنسیپی ( تەکافوئی ) لێپرسراویەتی و دەسەڵات :

هەڵگرتنی فەرمانبەر لێپسراویەتی هەڵسان بە ئەرك و پیشەیەکی تایبەت . دەبێ لەبەرامبەردا ئەم لێپسراوێتیە ماف خۆی بداتێ و راپۆرتی تەواو بداتە کارەکان کامیان پێش کامیان رادەپەڕێنێ و چۆنیان ئەنجام دەدات .

بە بێ ئەوەی لەگەڵ سیستەم و ڕێنماییەکانی رێخراودا پێچەوانە و بەرهەڵستی بێت . دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا هەر سەرۆکێك یان سەرپەرشتیارێك بێن . ماف فەرمان پێ کردنی هەیە لەسەر کەسانی ژێر دەسەڵاتی بە هەڵسانی بە کارەکە و کاریان تێ بکات کەوا بەچاکی ئەنجامی بدەن . هەروەها بریاری درووست دەدات بە پێ دەسەڵاتی کە هەیەتی .

لەم ڕوانگەیەوە ئەم پرێنسیپە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانی و ڕێژەیی لە نێوان دەسەڵات و لێپسراویەتی دا . مەنتیق نی یە کەوا کەسێك لێپسراویەتی کارێك هەڵگرێ کەوا دەسەڵاتی نەدرێتێ بۆ ئەنجامدانی کارەکە .

## 7) پرێنسیپی مەرکەزی و نامەرکەزی ( ناوەندی و نا ناوەندی ) :

ناوەندی و نا ناوەندی لەو زانیاریە باوانەیە کەوا بەکاردەهێنرێ لە کارگێری دەتوانین پێناسەی ناوەندی بکەین کەوا ئارەزووی یان ئاڕاستەی کارگێڕی بۆ دیقەت دان لەقەبارەی گەورە و گرنگی یە لە دەسەڵاتدا دەرکردنی بڕیارەکان لە رێکخراوەکەدا بۆ کارکردن لە پلەی سەرکردایەتی بەرز و بالا .

لەبەرامبەردا پێناسەی نا ناوەندی ئەویە گواستنەوەی دەسەڵات و بڕیارەکان و کارپێ کردنیان لە ئاستی کارگێری بەرز بۆ ئاستی کارگێری نزم لە ڕێگەی دەسەڵات دان بە کەسانی تر لە جێ ی سەرۆك .

بەمانایەکی تر نا ناوەندی ئەوە دەگەیەنێ دەسەڵات لەژێر دەستی تاکە کەس نیە یان چەند کەسێکی دیاری کراودا بەڵکو دەسەڵات دابەش دەکرێت بەڕێگەیەك کەوا کەسانی ژێر دەست لە کارکردندا سەربەستیەکی تەواوی هەیە لەئەنجام دان و دەرکردنی بڕیارەکان لەو سنوورەی کەوا پێویست دەکات بۆ کارەکان .

لەگەڵ ئەوەی وەسفی ناوەندی و نا ناوەندی لە دەسەڵاتدا دەکەین بەڵام بەشێوەیەکی تەواو رێکخستنی ناوەندی و نا ناوەندی نی یە ، لە هەموو بارێکدا پلەی ناوەندی و نا ناوەندی رێکخستن رێژەی یە ، بەئاسانی دیار دەکرێت لەسەر پێوەری پلە داری . وەك ئەمەی خوارەوە :

رێکخستنی أ نزیکە لە ناوەندی لە هەردوو رێکخستنی ب ، جـ بەڵام رێکخستنی جـ نزیکە لە نا ناوەندی زیاتر لە ( أ ، ب) هەرچەندی بواری هەڵسوکەوت لەئاستی کارگێڕی بێ کارگێڕی باڵا بەهۆی بەشداری کردنی لە دەرکردنی بڕیارەکان ئەوا پلەی نا ناوەندی لە رێکخستنی بەرز دەبێتەوە هەڵبەت پەیوەندی هەیە بە بواری هەڵسوکەوتی دەسەڵات و بواری پێدانی ئاستەکانی بەڕێوەبەریەتی . ( عبدالله ، عبدالله ،پرنسیپەکانی کارگێری ٢٠١٣ ، لا ١١١-- ١٢٢

## باسی چوارەم

## تایبەت مەندێکانی رێکخستن

ئەمانەی دواتر باسدەکرێن ، گرنگترین خاڵی بناغەیی و گشتی پیشەیی رێکخستنی کارگێڕییە .

### 1) دابەشکردنی کار :

کاری رێکخستن کارێکی گشتگیرە و دەست و پەنجە لەگەڵ هەرئیشێك لەڕیکخراوەکاندا نەرم دەکات کە کاری بەرێوەبردن و جێبەجێکردن بێت ، پێویستە کارەکانی دامەزراوەکە بە پێی پسپۆڕێتی لە نێوان بەرێوبەرایەتی و تاکی تاقەت پروکێندا دابەشبکرێت ، بە شێوەیەك بەرێوبەریەتی دەسەڵات و چاودێری و بەرپرسیارێتی بەپێی ە یاسا و سیستەمی کار ببەخشێت بەکارکەران ، بە شێوەیەك بە قازانج بۆ دامەزراوەکە بگەڕێتەوە و ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئەوەندەی بەش بکات لە بەرهەم هێنان ( کەمترین کات و کۆشش و تێچون ) .

## 2) گونجاندن لە نێوان چالاکی و توخمەکانی کار لە دامەزراوەدا :

گونجانـدن لـە نێـوان چـالاکی تووخمـە جۆراوجۆرەکـانی کـارکردن لـە ڕێکخـراودا هۆکـاری دروستنەبوونی دواکەوتن و دووبارەبونەوە و دوولایەتیە لە بەجێگەیاندنی کارەکاندا ، هەر چالاکیەك تەواوکەری چالاکیەکی ترە ، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەوەندەی بەش بکات لە بەرهەمهێنان .

## 3) بەدیهێنانی یارمەتی لەنێوان کرێکاراندا :

ڕێکخستن لە هەوڵی دروستکردنی گیانی تیپە لەنێوان کارمەندان دا ، لە ڕێگای سیستەم و گونجاندن لەنێوانیاندا ، بە دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی ، دیاریکردنی پەیوەندی ڕێکخراوەیی لە نێوان تاکەکاندا . ئەمکارە بە دروستکردنی کەشێکی ڕێکخراوەیی دوور لە تەنگەژەیی دەبێت ، یارمەتیدەربێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوەندەی بەش بکاتلە بەرهەمهێناندا.

## 4) بەدیهێنانی بنەمای چاودێری خۆیەتی :

بنەمای چاودێریخودکار بە دابەشکردنی کار و پسپۆڕێتی بەشێوەیەکی خۆیەتی بە دیدێت ، بەشێوەیەك هەر چالاکیەك سەرپەرشتی اری ئیشەکەی پێش خۆی دەبێت و بەو شێوەیە ..... ماوە بۆ لادان و گەمەکاری لە ڕێگای کارکردندا نەهێڵێتەوە .

## 5) بەتەنگەوە هاتنی دۆخی ناوخۆیی :

مەبەست لە دۆخی ناوەخۆیی : دۆخی ناوخۆیی دامەزراوەکەیە ، لە ڕووی توانای مادی و مرۆیی و توانای بەرهەمهێنانەوە . چوونکە ڕێکخستن هەوڵدەدات پێش لە خەرجی زیادە بگرێت ، ڕاهێنان و ئامادەباشی بە کەسەکان دەکات ، بە شێوەیەك لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بگونجێت .

## 6) بەکارهێنانی باشتریت هۆکاری گەیاندن :

بەتایبەت لە دەرکردنی بڕیار و گواستنەوەی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان ، لە هەموو بوارێکی ئیشی دامەزراوەکەدا . ( الجیوسی ، جادالله ،زانست و جیَ بە جیَ کردن . و. محمد ، ٢٠١٤، لا ٨٣ – ٨٥ )

# باسی پێنجەم

## ستراتیژیەت

وشەی ستراتیژی ووشەیەکی یۆنانیە بە مانا – هونەری جەنگ – بەڵام زانایانی کارگێری لە سالانی ١٩٦٠ بۆ یەکەم جار لە بواری کارگێری بۆ تێکدان و کاولکاری.وە پێناسەی ستراتیژیەت واتە: پلانێکی کارگێڕی باڵایە بۆ بەدەست هێنانی دەرەنجامەکان و دەگەونجێت لەگەڵ تەواو کردنی پەیامی رێکخراو و ئامانجی ڕێکخراو .

## * کردارەکانی ستراتیژیەتی رێکخراو :

أ) داڕشتنی ستراتیژیەت .

ب) جێ بە جێ کردنی ستراتیژیەت .

ج) چاودێری کردن و بەدواداچوونی ستراتیژیەت .

زانا ( چاندلر ) بەو شێوەیە پێناسەی ستراتیژیەت دەکات دەڵێت :– کرداری دیاری کردنی ئامانجە کە مەبەستی سەرەکی رێکخراوە لە داهاتوودا و چۆنیەتی دیاریکردنی جموجۆڵی ڕێکخراو دابینکردنی کەرستەی خاو کە پێویستن بۆ بدەست هێنانی ئامانجێك .

## بەڵام کارگێڕی ستراتیژیەت :

کرداری خۆ گونجاندنی رێکخراوە لەگەڵ ژینگەدا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراو و بەردەوام بوونی بۆ ماوەیەکی دوور وە بەرزکردنەوەی بەهای کاڵا و خزمەتگوزاری ڕێکخراوەکە .

## سیفەتەکانی ستراتیژیەت بە پێ ی بیر و بۆچوونی ( سکۆت ) :–

1) جەختکردن لە کێشە دەرەکیەکانی ڕێکخراو :– واتە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و ژینگەی دەرەوە .
2) جیاکردنەوەی جۆرەکانی ئامانج :– ئامانجی کارکردن و جموجۆڵەکان وە ئامانجی هەڵوێستەکان .
3) تێکەڵ کردنی ئامانجی فەرمی و ئامانجی جێ بە جێ کراو .
4) وەرگرتنی بڕیارێکی ستراتیژی تەنها لەلایەن کارگێڕی باڵاوە نیە بەڵکوو کارگێڕی ناوەند و کارگێڕی خواروو کاریگەریان دەبێت لەسەر داڕشتنی ستراتیژیەتی ڕێکخراو .

## جۆرە سەرەکیەکانی ستراتیژیەت :-

سێ جۆری سەرەکیمان هەیە هەریەکەیان لە ئاستی دیاری کراودا کار دەکات ئەویش بەم شێوەی خوارەوە :-

1) ستراتیژیەتی گشتی .
2) ستراتیژیەتی جموجۆڵەکان .
3) ستراتیژیەتی وەزیفی یان کارکردەیی .

## جۆرەکانی ستراتیژیەت بە پێ ی زانا ( پۆرتەر ) :-

### 1) ستراتیژیەتی سەرۆکایەتی کەمترین تێچوون :

لەم ستراتیژیەتەدا ڕێکخراوەکان پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی چاکترین تەکنەلۆژیا تاوەك و بتوانێت توانستی ناوخۆیی ڕێکخراو زیاد بکات لە بەرهەمهێنان بەرامبەر ڕێکخراوەکانی تر لە ڕکابەریەتیدا .

### 2) ستراتیژییتی جیاکراوە :

ئەم ستراتیژیەتە ڕێکخراوەکان بەکاری دێنن لە کارکردندا بۆ خۆ جیاکرنەوەیان ڕێکخراوەکانی تر ئەویش بە شێوازێکی داهێنانیکی نوێ یان متمانەیەکی ڕاست بەرامبەر کۆمەڵگا وەکوو کۆمپانیای ئۆتۆمبێلەکان .

### 3) ستراتیژیەتی جەختکردن :

ئەم ستراتیژیەتە ڕێکخراوەکان بەکاری دەهێنن بۆ دیاری کردنی بازاڕێکی دیاریکراو لە کاردا واتە ڕێکخراوەکان لە شوێنی جوگرافی دیاری کراودا کاربکەن تاوەکو بتوانن زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن وە زۆرترین ڕەزامەندی لە کاڵاکانیان بکەوێتەوە .

## پەیوەندی نێوان ستراتیژیەت بە ستراکچەری ڕێکخستن :

ستراتیژیەتی ڕێکخراوو کارگێری ستراتیژی هەردووکیان کاریگەرن لەسەر دیزاین کردنی ستراکچەی ڕێکخستن لە کاری ڕێکخراوەکاندا . بۆیە وا سەلمێندراوە پەیوەندیەکی چاکسازی لە

نێـوان سـتراتیژیەت و ستراکچـەری رێکخسـتن ئەمـەش وا لـە رێکخراوەکـە دەکـات قەبارەیـەکی گونجاو پێك بێنێت کە ئەویش پشت بە ستراتیژیەتی ڕێکخراو دەبەستێت . ( ولی، عبدالله ، نجم ، بیرۆزی رێکخراو ،٢٠١٥،لا ٧٣ – ٧٥ )

## باسی شەشەم

## ستراکچەرەکانی رێکخستن

### مانای ستراکچەری رێکخستن :

زۆر لە توێژەران و نووسـەرانی بـواری رێکخسـتن کـارگێڕی زاراوەی ستراکچـەری رێکخسـتنی یـان ستراکچـەرەکانی رێکخسـتن بـە کـاردێنن کـەوا بەشـێوەیەك لەگـەڵ زاراوەکـانی رێکخسـتنی تـردا تێکەڵ دەبێت وەك دامەزراندنی رێکخستن و داڕشتنی رێکخستن و پـلان و یـان پلانـی رێکخستن. جا بۆیە لێرەدا بە گونجاوی دەزانین کەوا مەبەستی ئەم زاراوەیە دیار بکەین لەگەڵ جیاوازیەکانی دا تاکو بتوانیین لە مانای ستراچەرەکانی رێکخستن بگەین.

ستراکچـەری رێکخسـتن (دامەزرانـدنی رێکخسـتن) مەبەسـت لـە ستراکچـەری رێکخسـتن یـاخود دامەزراندنی رێکخستن بە یـەك مانـا بـەکاردێت ئـەو نموونەیـە کـە رەنـگ دەداتـەوە لـە سروشـتی مامەڵـەکردن و هەماهـەنگی کردنـی داڕێـژراو لـە لایـەن کـارگێڕی بـۆ ئـەوەی کـاری تاکەکـەس و کۆمەڵەکان بەیەکەوە ببەستێت لە رێکخراوەکەدا بۆ ئەوەی ئامانجی رێکخراوەکە بەدەست بێنیٚ.

### ستراکچەری رێکخستن زۆربەی لە چوار توخمی پێك دێت. وەك ئەمانە :

1– دیاریکردنی کار و کردەوە و لێپرسراویەتی یەکان کەوا پیشەی کەسەکان دیار دەکات لەگەڵ یەکەکانی کارگێڕی.

2– کۆکردنـەوەی بنکـەکانی پیشـەیی بـۆ کارمەنـدانی رێکخراوەکـان لـە یەکـەکانی کـارگێڕی ئـەم یەکە کارگێڕیانە، شێوەیەکی هەرەمی پێك دێنی لە بەشەش و کارگێڕیەکانی تر.

3– ئالیـەت و رێگـای جیـاواز پێویسـتە کـرداری هەماهـەنگی ئاسـان بکـات (کـە لـە سـەرەوەی رێکخراوەکە بۆ خوارەوەی) وە دیارکردنی ژمارەیەك کەس ئەوانەی کە پێویستە لێپرسراو بن بەرامبـەر بـەر هـەر بنکـەی بنکەیـەك یـا وەزیفـەکانی کـارگێڕی کـە دیـارە کـراوە، وە پلـەی رێپێدانی دیار دەکرێت تاکو بتوانی کارەکانی پێی سپێردراوە ئەنجامی بدات.

4- ئالیات و ڕێگەکانی جیاواز کە پێویستە بۆ ئاسان کردنی کرداری هەماهەنگی ئاسۆیی (بەمانای لە نێوان کارگێڕ و بەشەکانی ڕێکخراوەکەدا) ئەمەش ئەنجام دەدرێ و تەواو دەبێت بەهۆی لێژنەکان وتیمەکانی کارکردن دەبێت.

## نەخشەی ڕێکخستن

نەخشەی ڕێکخستن بریتیە لە شێوەکاریەکی بەیانی یان نەخشەکێشانێکی وایە کە وێنەی هێڵەکانی روون کردنەوە بۆ ستراکچەری ڕێکخستن دەردەخات، بەمانایەکی تر بریتیە لە (رەسمێکی بەیانیە بۆ ستراکچەری ڕێکخستن) بە هۆی ئەوەوە پەیوەندیەکان و شێوەکانی پەیوەندی فەرمی لە ناو ڕێکخراوەکەدا تەواو دەبێت.

تیایدا وەسفی هێڵەکانی هاتنە خوارەوەی دەسەلاّت و لێپرسراویەتی دیار دەکات کەوا دائەنرێ بەمەبەستی تەنسیق کردن. نەخشەکانی ڕێکخستن جیاوازە لە جۆرەکانی دا وەك لە پاشان دەیان بینیین، هەروەك پیشەیەکان و یەکەکانی کارگێڕی دەردەکەون (کارگێڕیەکان و بەشەکانی) لە ڕێکخراوەکەدا.

هەروەها ئاماژە بەو شێوازە دەکات کە پیشەکان کۆدەکاتەوە لە یەکەکانی کارگێڕی سنووردارادا و پەیوەندیەکانی لێپرسراوی لە لایەن ئاستەکانی نزمدا بەرامبەر بە ئاستەکانی بالاّ لە ڕێکخراوەکەدا، کە تا لە کاتی پەیوەندی بەفەرمی یەکان کە لە ڕێی ئەوانەوە زانیاریەکان دەردەکەون بۆ ئەم پیشانە و یەکەکانی کارگێڕی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەوا نەخشەی ڕێکخستن ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی کە یارمەتی مان دەدات و بەرجەستە، بەهۆی ئەوەوە وەزیفەکانی کارگێڕی و یەکەکانی کارگێڕی دیار دەکات لە ڕێکخراوەکەدا.

جا لێرەدا نەخشەی ڕێکخستنی وێنەیەکی بچووکە بۆ ستراکچەری ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە.

## ڕێگاکان و هەنگاوەکانی دارستنی هەیکەلی ڕێکخستن :

وەك لە پێشودا باسمان کرد کەوا کرداری دارشتنی ستراکچەری ڕێکخستن ئەو کردارەیە کەوا ئاماژەی پێ ئەکرێ بەمانای دارشتنی ڕێکخراوەکە.

ئەو ڕێگا و هەنگاوانە چین کە بە پێی ئەوەوە دارشتنی ستراکچەری ڕێکخستن تەواو دەبێ، لە واقعدا ڕێگایەکی دیاری کراو نییە کەوا کۆك بن لەسەری لە نێوان پسپۆران لە ڕێکخستنی کارگێڕی کەوا پەیوەندی هەبێ بە ستراکچەری ڕێکخستنی، بەڵام ڕێگای گشتی هەیە دەتوانین پێی ڕێنمایی بکەین بۆ ئەم بوارە.

هەر ڕێگایەك ژمارەیەك هەنگاو دەگرێتە خۆی کەوا بۆ ستراکچەری ڕێکخستنی دەروات لەوانە ئامادەکردنی نەخشەکێشان، نووسینی ئەدیلەی ڕێکخستنی لەو ڕێگایانە دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕێگای سەرەکی بکەین وەك :

1- ڕێگای شیکردنەوەی ئامانجەکان.

2- ڕێگای کۆکردنەوەی جموجوڵەکان.

## یەکەم :   ڕێگای شیکردنەوەی ئامانجەکان :

هەڵسانی هەر ڕێکخراوێك پابەندە بە دامەزراندنی ئامانجی سەرەکی هەروەها جموجوڵە جیاوازەکانی لە ڕێکخراوەکە پابەندە ئامانجەکانی لقی دیارکراو بۆی کەوا پاشان ئەمانە ئامانجی سەرەکی بەدەست دێنن دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ئەم ئامانجە و جموجۆڵانە دەتوانین دەریان بڕین بەهۆی دارشتنی ستراکچەری ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە.

لەو ڕوانگەوە ڕێگەی شیکردنەوەی ئامانجەکان، کەوا پێی دەڵێن ڕێچگەی دارشتنی ڕێکخراو لە سەرەوە بۆ خوارەوە، کەوا ژمارەیەك هەنگاو ڕیز دەکات دەستپێکی بە شیکردنەوەی ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراو بۆ ئامانج و جموجۆڵە لقیەکان، پاشان دامەزراندنی یەکەکانی کارگێڕی سەرەکی بە پێی جمەجۆڵەکانی ڕێکخراوەکە و جیاوازی تایبەت مەندیەکانی پاشان هەر یەکەیەکی کارگێڕی سەرەکی دابەش دەکرێت بۆ یەکەی کارگێڕی لقی وە بۆ یەکەی کارگێڕی بچوکتر کەوا کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدات کەوا خزمەتی ئامانجێکی دیاری کراو دەکات و یان کۆمەڵێك کارمەند کەوا کاردەکەن تیایدا دەگرتە خۆی کەوا کاری لە یەك چو تیایدا دەکەن لەم یەکە بچووکانەدا.

## دووەم : ڕێگای کۆکردنەوەی جموجوڵەکان

بەم ڕێگایە دەوترێ لە دارشتنی ستراکچەری ڕێکخستندا هەندێ جاران ڕێگای دارشتنی ڕێکخراو لە خوارەوە بۆ سەروو، لەسەر بنەمای ئەو ڕێگایە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی جموجوڵەکان و کارەکانی بچووك و جۆراو جۆر کەوا ڕێکخراوەکە پێی هەڵ ئەسێ لە یەکە بچووکەکاندا. پاشان کۆدەکرێتەوە بۆ یەکەی تر و لەگەڵ بەشەکانی تر ئەمانەش کۆدەکرێتەوە بۆ کارگێڕی گەورەتر بەم پێیە کۆدەکرێتەوە وە تا دەگاتە لوتکەی ستراکچەری ڕێکخستن کەوا کارگێری باڵایە.

(ئەنجومەنی کارگێڕی، وەزیر، کارگێڕی گشتی، سەرۆکی کۆمپانیا) لە گرتنە بەری ئەم ڕێگایەدا پێویستە هیچ کارێکی بچووك کە هەیە لە بیر نەکرێ و گرنگی پێ بدرێ لە ڕێکخراوەکەدا. چونکە پشت گوێ خستنی کارێکی بچووك دەبێتە لەرزۆکی فەرماننەکان و کەوا دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی کاریگەری ڕێکخراوەکە و پاشان بەشێوەیەکی چاك ئامانجەکان بە دەست ناهێنی.

بە تێڕوانین لە هەردوو ڕێگایەکەی پێشوو لە دارشتنی ڕێکخراوەکان دەردەکەوێ کەوا ئەم دوو ڕێگایە یەکتر تەواو دەکەن چونکە ڕێگەی (شیتەڵ کردنی ئامانجەکان) بۆ دارشتنی ڕێکخراوەکان لەسەروو بۆ خواروو دێت، بەڵام ڕێگەی دووەم (ڕێگەی کۆکردنەوەی جموجوڵ) بۆ دارشتنی ڕێکخراوەکان لە خواروو بۆ سەروو دەڕوات.

## ڕێگاکانی دابەشکردنی جموجۆڵەکان :

چەندەها ڕێگامان هەیە بۆ دابەش کردنی جمۆجۆڵەکان لە دامەزراوەکاندا پێی دەوترێت ڕێگای ڕێکخستن یان ڕێگای دابەشکردنی جمۆجۆڵەکان وەك :-

### أ) ڕێکخستن لەسەر بنەمای وەزیفە :

مەبەست لە وەزیفە ئەوەیە مەبەستی سەرەکی بێتە دی یا ئەو خزمەتەی پێویستە بەجێی بێنی. پێی ئەم ڕێگایە پیشەکان کۆدەکرێنەوە بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ بە مەبەستی خزمەت کردن کەوا جێ بەجێ دەکەن ئەم کۆمەڵانە لەسەر ئاستی دامەزراوەیەك بەڕێوەبەرەکان و بەشەکان ڕێکخستن ئەنجام ئەدەن لەسەر بنەمای مەبەست و خزمەتەی کە جێ بەجێ دەکرێت هەر بەشێك لە بەشەکان، وەك (بەرهەم هێنان، بازارگەری، خزمەتکردنی کڕیار، بەشی فەرمانبەران)

## ب)  ڕێكخستن لەسەر بنەمای جۆری بەرهەمەكە :

ئەو ڕێگایەیە دەكرێ لەسەر بنەمای كۆكردنەوەی پیشەكان بە شێوەی كۆمەڵ كۆمەڵ بە گوێرەی لێكچونیان لەگەڵ یەكتردا لە جۆرێك لە بەرهەم كەوا پێشكەشی دەكەن. بۆ نموونە یەكێ لە كارگەكانی بەرهەم هێنانی بەروبوومی شیر بە ئەنقەست بەڕێوەبەرایەتیەكەی ڕێك دەخات بە پێی ئەو بەرهەمانەی دەری دەكات، وەك لەوانەیە كارگێڕی یەكی هەبێ تەنها شیر دەركات، ئەوی تر پەنیر یان ئەوی تر بۆ شەربەت.


ئەم سێ بەشە لەوانەیە هەر یەكە چەند كارگێڕیەكی تری لە ژێر دەست دابێ هەڵ ئەسن بە وەزیفەی دیاری كراو وەك كارگێڕی لێكۆڵینەوە و پەرەسەندن و كارگێڕی بە بازارخستن.

ئەم هێڵكاریە روونی ئەكاتەوە جیاوازی لە نێوان ڕێكخستن لەسەر بنەمای وەزیفە و ڕێكخستن لەسەر بنەمای خزمەت یان بەرهەم هێنان.


شێوەی ژمارە ( 1 )

جیاوازی نێوان ڕێكخستن وەزیفە و ڕێكخستن بەپێی جۆری خزمەت و بەرهەم

أ- ڕێكخستن لەسەر بنەمای وەزیفە





ب- ڕێكخستن لەسەر بنەمای جۆری بەرهەم هێنان




(عبداللە، عبداللە، پرینسیبەكانی كارگێڕی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر-2013، لا125 تا133 )

شێوەی ژمارە (2)

ڕێکخستن لەسەر بنەمای کردارەکان یان قۆناغەکان لە بنکەی ڕاهێنان





(عبدالله، عبدالله، پرینسیپەکانی کارگێری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر-2013، لا125 تا133 )

## ج) ڕێکخستن لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی :

ئەو ڕێگەیە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی جموجۆڵەکانی ڕێکخراوەکە کەوا لە شوێنێکی جوگرافی دیاری کراودا بۆ بەڕێوەبەرایەتی یەك کەوا تاکە کەسێك سەرپەرشتی دەکات ئەم جۆرە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە جموجۆڵەکانی لە شوێنی جیاجیادا بەڕێوە دەبان کەوا زۆر لە یەکتر دوورن بەشێوەی جوگرافی وەك روون کراوەتەوە لەم هێڵکاریەدا.

شێوەی ژمارە (3)

ڕێکخستن لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی




(عبدالله، عبدالله، پرینسیپەکانی کارگێری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر-2013، لا125 تا133 )


## د) ڕێکخستن لەسەر بنەمای جۆری سودمەندی :

ئەم ڕێکخستنە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك کەسی سودمەند لە خزمەتەکە یا بەرهەمەکە دەبینین کەوا ڕێکخراوەکە پێشکەشی دەکات بۆ نموونە.

ڕێکخستنی کاری کارگێڕیەك کەوا خزمەت پێشکەش بە پیاو و ژن دەکات بە جیاواز یان کۆمپانیایەکی مقاولات هەڵدەستێ بەدابەشکردنی بەشداربووەکانی بۆ سێ بەش ئەویش تاکەکان و ئامێرەکانی حکومی، دامەزراوەکانی تایبەت. وەك لە شێوەی ژمارە (4) هاتووە.

شێوەی ژمارە (4)

ڕێکخستن لەسەر بنەمای سودمەندی کارمەندان – کۆمپانیای مقاولات




(عبدالله، عبدالله، پرینسیپەکانی کارگێری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر–2013، لا125 تا133 )

### ه) ڕێکخستنی تێکەڵاو :

زۆر بە دەگمەن دەبینرێ کەوا ڕێکخراوێك هەڵسێ لەسەر بنەمای ڕێکخستنەکانی پێشوودا، زۆر جار دەبینین کەوا ڕێکخراوەکان زیاتر لە ڕێگایە بەکاردێنن بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان بە متمانە لەسەر ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە و پێاویستیەکانی کە هەیە وە لە داهاتوودا پێویستی یەکی و قەبارەیان و جۆری خزمەتگوزاریان کە پێشکەش دەکات وە ئەو کەسانەی کە لە گەڵیان ادا هەڵسوکەوت دەکەن. جا لەبەر ئەمە زۆر جاران دەبینین کە زۆر لە ڕێکخراوەکان لە ڕێکخستنەکانیاندا لە نێوان زیاتر لە شتێك کۆکردنەوە دەکەن لەسەر بنەمای خزمەتکردن و ڕێکخستن لەسەر بنەمای برهەم هێنان و ڕێکخستن لەسەر بنەمای کارمەندان و شوێنی جوگرافی لەم بارەدا دەبینین لەم کۆمپانیایانەدا وەك کۆمپانیای سایك کۆمپانیای پەیوەندیەکانی کوردستان و بانکەکانی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی گشتی.

ژمارەی ستراکچەری ڕێکخستن ڕێکخراوێك لەوانەیە وێنەی واقعی تەواوی ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی ئاسان و روون کەوا کەسانی ناوخۆ و دەرەوەی ڕێکخراوەکە تێی بگەن پێشکەش نەکات، جا بۆ ئەوەی شارەزای تەواوی وێنەی ستراکچەری ڕێکخراوەکە بین دانەرانی ڕێکخستنەکان پەنا دەبەنە بەر هۆکارێکی گرنگ پێی دەوترێ نەخشەکانی ڕێکخستن، لە پێشدا پێناسەی نەخشەکانی ڕێکخستنی مان کرد کەوا وێنەیەکەیان هێڵکاریەکە بۆ ستراکچەری

ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە. تیایدا یەکەکانی کارگێڕی دیار دەکات کەوا ڕێکخراوەکە لێی پێك هاتووە لەگەڵ پیشەکانی تیایدا و هێڵەکانی دەسەڵات و لێپسراویەتی کەوا بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

## سوودەکانی نەخشەکانی ڕێکخستنی :

نەخشەکانی ڕێکخستنی بەشداری دەکات لە بەدەست هێنانی زۆر مەبەست بە نسبەت ڕێکخراوەکانی و کارمەندانی، گرنگترین مەبەستەکان دەتوانین لەوانەی خوارەوە بەدی بکەین :

1- بەخشینی وێنەیەکی تەواوی ستراکچەری ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە هەروەك بەخشینی ستراکچەری ئیسك وێنەی لەش مرۆڤ دیار دەکات.

2- دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکان و یەکەکانی ڕێکخراوەکە.

3- روون کردنەوەی ئاستەکانی کارگێڕی.

4- بەخشینی وێنەیەکی روون بۆ سەرپەرشتی کردنی کارگێڕی و بەشەکان.

5- روون کردنەوەی هێڵەکانی دەسەڵات و لێپسراویەتی لە ڕێکخراوەکەدا.(عبداللە، عبداللە، پرەنسیپەکانی کارگێڕی، 2013، لا 125-133)

## بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## چەمك و پێناسەی زاراوەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەمان

گەشت و گوزار بە یەکێك لە چالاکییەکانی سەردەم دادەنرێت و پێویستیەکە لە پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ، کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی گرنگ لە چەندین بواری ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ...... هتد دەبینێت.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە گەشت و گوزار ئەمڕۆ لە پلەی ڕێزبەندی چوارەمدایە لە پێویستیەکانی مرۆڤایەتی دوای خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوەی تایبەتی ئەگەر مرۆڤ تا دوێنێ پێویستیەکی لە سێ پێویستیە سەرەکییەکان کەم بووبێ، ئەوا ژیانی نارێك بووە، بەلام ئەمڕۆ ئەگەر مرۆڤ گەشت نەکات هەر وەك ئەوە وایە کە یەکێك لەم پێویستیانەی کەم بێت.

بۆ ناساندنی بایەخ و گرنگی چالاك گەشت و گوزاری ئەوەندە بەسە، کە ئاماژە بە ئامارەکانی رێکخراوی جیهانی گەشت و گوزار بکەین (world tourism (WTO) organization)، کە لە سالی 2003 دا نزیکەی 11٪ دانیشتوانی جیهان بەشداریان لە گەشت و گوزاری نێودەولەتی کردووە و ئەم ڕێژەیەش بەرز دەبێتەوە بۆ نزیکەی چوار ئەوەندە بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداری لە گەشت و گوزاری ناوخۆ دەکەن. لە لایەکی ترەوە ئەنجومەنی گەشت و گوزاری جیهانی لە سالی 1994 دا دەربارەی گرنگی چالاکی گەشت و گوزار وتویەتی گەشت و گوزار بووەتە گەورەترین پیشەسازی لە جیهان کە پیشەسازییەکانی ئۆتۆمۆبیل و پۆلاو ئەلیکترۆنیات و چالاکی کشتوکالیشی داپۆشیوە، هەروەها ئەنجومەنەکە وای خەملاندووە، کە بواری کارکردن بۆ 204 ملیۆن کەس دەرەخسێنێ بە ڕێژەی 9/1 کارکەران لەسەر ئاستی جیهان، کە ڕێژەی 10.3٪ ی سەرجەمی کرێی دەستی کارکەری بەدەست هێناوە، هەروەها بزاڤی گەشت و گوزاری جیهانی لە نێوەی دووەمی چەرخی بیستەمەوە گەشە کردنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، لەم بارەیەوە ئەو زانیاریانەی کە لە خشتەی ژمارە (1) دا هاتوون ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی گەشتیاران لە 25 ملیۆن گەشتیارەوە لە سالی 1950 زیادی کردووە بۆ 703 ملیۆن گەشتیار لە سالی 2003 داوە چاوەڕێش دەکرێ کە زیاتریش بێت لە 1.56 ملیار کەس لە سالی 2020 دا بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی رێکخراوی گەشت و گوزاری جیهانی. واتە ژمارەی گەشتیاران لە ماوەی نێوان سالەکانی 1950 – 2003 دا زیاتر لە 28 ئەوەندەی خۆی زیادی کردووە بە پێی بۆچوونی

**ڕێکخراوی گەشت و گوزاری جیهانی وا چاوەڕێ دەکرێ، کە تا ساڵی 2020 زیاتر لە 62 هێندەی خۆی زیاد بکات، هەروەها داهاتی نێودەوڵەتی بواری گەشت و گوزاریش هەر لە ماوەی نێوان ساڵەکانی 1950 تا 2003 لە 2.1 ملیار دۆلارەوە گەیشتۆتە 514 ملیار دۆلار، واتە 244 جار هێندەی خۆی زیادی کردووە، لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا و چاوەڕێش دەکرێ کە بگاتە 2000 بلیۆن دۆلار لە ساڵی 2020 بە گوێرەی پێشبینیەکان (WTO)، واتە 952 جار هێندەی خۆی زیاد بکات.**

**گەشەسەندنی گەشت و گوزاری نێو دەوڵەتی لە ماوەی ساڵانی 1950 – 2020**

| ساڵەکان | ژمارەی گەشتیار (بە هەزار) | داهات (بە ملیۆن دۆلار) |
|---|---|---|
| 1950[1] | 25.282 | 2.100 |
| 1960 | 69.320 | 6.867 |
| 1970 | 165.787 | 17.900 |
| 1980 | 287.787 | 103.535 |
| 1990 | 457.306 | 263.357 |
| 2000 | 698.793 | 475.277 |
| 2003[2] | 703.000 | 514.000 |
| 2020[3] | 1.561.100 | 2.000.000 |

**سەرچاوەکان :-**

1) **وزارة الثقافة، هيئة السياحة، قسم التخطيط و المتابعة، النشرة الاحصائية للاتجاهات السياحية العالمية، شعبة الاحصاء**، 2000.
2) **ازاد محمدامين النقشبندي، التنمية السياحية واثرها على صيانة البيئة و الطبيعة، المؤتمر العربي الثالث للارادة البيئية، الاتجاهات الحديثة في ادارة المخلفات الملوثة، شرم الشيخ، جمهورية مصر العربية**، 2004، ص 80، 2004، **جدول رقم** (2)، ص94.
3) **خالد مقابلة، واقع وافاق الاستثمار السياحي في الاردن (مدخل نظري تحليلي)، المجلد الرابع، العدد الثاني**، 2002، ص 148.

(**عومەر، بنەماکانی جوگرافی گەشت و گوزار**، 2009، لا 15-16)

## أ) گەشتیار (Tourist)

له هەر لێکۆڵینەوەیەکی گەشت و گوزاریدا ناسینی گەشتیار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی توخمێکی گرنگی چالاکی گەشت و گوزارە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو دیاردە و چالاکییە گەشت و گوزارییەکانی تر لە پەیوەندیەکی بەهێزدان لە گەڵیاو بۆ خزمەتی ئەوەن، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین شارەزایی دەربارەی زاراوەی گەشتیار بەدەست بهێنین.

لە ڕووی زمانەوانییەوە گەشتیار لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە هاتووە "گەڕۆك لە وولاتدا بۆ سەیران و ڕوانین و توێژینەوە و پشکنین و ئەم جۆرانە.

بەڵام لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانیدا دەڵێ : گەشتیار "کەسێك کە گەشت بکات یا سەردانی شوێنێك بکات بۆ چێژ وەرگرتن لە دیمەنی ئەو شوێنە".

ڕێکخراو و دەزگا گەشت و گوزارییەکان بەم شێوەیە پێناسەی گەشتیاریان کردووە.

کۆمەڵەی شارەزایانی ئاماری سەر بە ئەنجومەنی گەلان لە ساڵی 1937 ز پێناسەی گەشتیاری بەم شێوەیە کردووە "گەشتیار ئەو کەسەیە کە سەردانی دەوڵەتێکی تر بکات لە ماوەیەکدا کە 24 کاتژمێر یا زیاتر بخایەنێت". هەروەها ئەم پێناسەیە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە سەردانی شوێنێك دەکەن بۆ خۆشی و چارەسەر و چاوپێکەوتن و ئەو کەسانەش کە لەسەر پشتی گەشتییەکانن تەنانەت ئەگەر گەشتەکەیان لە 24 کاتژمێریش کەمتر بوو. بە بۆچوونی ئێمە ئەم پێناسەیە گەشتیاری نیشتیمانی و نێودەوڵەتی لێك جیا نەکردۆتەوە.

لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە گەشت و گوزاردا کە لە ساڵی 1963 م لە ڕۆما بەسترا بەم شێوەیە باسی گشەتیاری کردووە " گەشتیار Tourist ئەو کەسانەن (سەردانکەر) کە بەشێوەیەکی کاتی جێنشین بوون بۆ ماوەیەك کە، کەمتر نەبێت لە 24 کاتژمێر و زیاتریش نەبێت لە ساڵێك و مەبەستی سەردانەکەشیان ئەم دوو کۆمەڵە دەگرێتە خۆ :-

أ- بەسەر بردنی کاتی دەست بەتاڵی "پشودان، بەسەربردنی مۆڵەت، هۆکاری تەندروستی، لێکۆڵینەوە، سەردانی شوێنە ئاینییەکان و ڕوخسارە مێژووی و شوێنەوارییەکان، ئەنجام دانی وەرزش".

ب- ئەنجام دانی کارە بازرگانییەکان، سەردانی خێزانی و چاوپێکەوتنەکان و ئامادە بوونی کۆبوونەوە و کۆنگرەکان.

کەم و کوڕی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، کە ئەو کەسانەش بەگەشتیار دادەنێت، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارە بازرگانییەکان، کە ئەمانەش لە ڕاستیدا گەشتیار نین، چونکە بە مەبەستی قازانج و دەکەوتی مادی ئەم کارە ئەنجام دەدەن نەك لە پێناوی چێژ و خوشگوزەرانی.

هەروەها ئەنجومەنی ئابووری ناسانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە باسی چەمکی گەشتیاری کردووە: "هەموو کەسێك کە لە دەرەوەی شوێنی هەمیشەیی خۆی بێت بۆ ماوەیەکی زیاتر لە 24 کاتژمێر و کەمتر لە ساڵێك". ئەم پێناسەش جیاوازی نەکردووە لە نێوان گەشتیار و ئەو کەسانەی کە بۆ خوێندن یا کارکردن یا بۆ کاری بازرگانی و سەربازی شوێنی هەمیشەیی خۆیان بەجێ دەهێڵن.

ڕێکخراوی گەشت و گوزاری جیهانی (WTO) دەربارەی گەشتیار دەڵێ : "ئەو کەسەیە کە بە مەبەستی رابواردن، گەشت بەرە و شوێنێك دەکات، کە ماوەی دورییەکەی لە شوێنی نیشتەجێی هەمیشەییەوە لە (80کم) کەمتر نەبێت".

هەر چی پسپۆڕانی بواری گەشت و گوزارە دەربارەی زاراوەی گەشتیار وتوویانە :-

ئۆجلفی Ogilive لە ساڵی 1933 ز دا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پێناسەیەکی بۆ گەشتیار کردووە دەڵێ "هەموو ئەو کەسانەن کە دوو مەرج لە خۆ دەگرن، یەکەمیان ئەوەیە کە لانەی هەمیشەیی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ ماوەیەکی کەمتر لە ساڵێك، دووەمیشیان ئەوەیە کە بە هۆی جێنشینیان لە دەرەوەی وولاتدا خەرجیان لەو شوێنە دەبێت، کە بە شێوەیەکی کاتی تیایدا جێنشین دەبن، کە پارەکەشیان لەم ناوچەیەدا بە دەست نەهێناوە. کەم و کوڕی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە تەنها گەشتیاری بیانی دەگرێتە خۆ. هەروەها نوقشبەندی دەڵێ :"گەشتیار ئەو کەسەیە کە شوێنی دانیشتنی هەمیشەیی خۆی بەجێ دێڵێت و ڕوو لە شوێنێکی تر دەکات بۆ ماوەیەك کە لە 24 کاتژمێر کەمتر نەبێت بە مەبەستێك پەیوەندی نەبێت بە بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی مادی. (عومەر، بنەماکانی جوگرافی گەشت و گوزار، 2009، لا 18-21)

## ب- پێناسەی گەشت و گوزار

توێژەران تا ئەمڕۆش لەسەر پێناسەی گەشت و گوزار یەك دەنگ نین، چەندەها پێناسەی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە پسپۆری گەشت و گوزاری نەمساوی (بێرنیکر - ) بڵێت زاراوەی گەشت و گوزار بە هێندەی ژمارەی توێژەرەکان پێناسەی هەیە.

وە هەروەها توێژەرێکی تر بەم شێوەیە باسی گەشت و گوزاری کردووە، کە دەڵێ " گەشت و گوزار سەرچاوەی داهاتە بۆ دەوڵەت یا ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە پشت دەبەستن بە نەرێتی گەشت کردنی دانیشتوانی و شێوازی شمەك کرینیان".

(عومەر، بنەماکانی جوگرافی گەشت و گوزار، 2009، لا 23 ، 25)

### باسی دووەم

### دروستبوونی گەشت و گوزار و قۆناغە مێژووییەکانی

ئەگەر باسی گەشت و گوزار مێژووی دروست بوونی بکەین ئەوانە چەندەها لاپەرە و کتێبیان بتوانین ئاماژە پێی بدەین ، بەڵام بە گشتی گەشت و گوزار لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ سەری هەڵداوە، ئامانج و هۆکارەکانی لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە، لە گرینگترین ئەو قۆناغانەی پێدا تێپەڕیوە.

1- لەسەرەتاوە تا ساڵی 1840 ئەمەش دابەش دەکرێ بۆ سەردەمەکانی (کۆن - ناوەڕاست - ڕۆشنگەری - دوای شۆڕشی پیشەسازی) وە ئامانجی گەشت و گوزار لەو سەردەمانەدا، بازرگانی و جێگۆرکێی کەسی دەوڵەمەند بووە بۆ شوێنی سروشت جوان، بەتایبەت دیتنی دەریا و دەریاچە و شوێن و کەل و پەلە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان.

هەورەها بۆ چارەسەری سروشتی بە تایبەت سوود وەرگرتن لە کانیە دەرمانا ویەکان. هەروەها گەشت و شوێنە ئاینییەکان و خوێندنەوەی ئاینی بووە تایبەتمەندی گەشت و گوزار لەو سەردەمەدا بۆ گەشتی تاکەکان و دەوڵەمەندەکان دەکرێتەوە، واتە گەشتەکان زیاتر تاکانە بووە.

## 2-گەشت و گوزار دوای شۆڕشی پیشەسازی :-

بەهۆی داهێنان پێشکەوتنی پیشەسازی، هۆیەکانی هاتووچوو گەشەی بەرچاویان بەخۆیەوە دەبینی، ئەمەش وایکرد ڕێگای ئاسنی و ڕێگای ئاوی و ووشکانی لەم سەردەمەدا بگەنە زۆر شوێنی نوێ، بەهۆی مەکینەی (بوخار) دواتر مەکینەی (دیزل) کەشی و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل زۆر خێرابوون لە هەمان کاتدا چینی سەرمایەداری گەشەی کرد، ئەمانە بوونە هۆی بایەخی زیاتر بە گەشت و گوزار و خۆشگوزەرانی لە گەشت بدرێ ، هەروەها بونیادنانی ئۆتێل و میوانخانەی گەورە بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بوو وە ئەم سەردەمە تاوەکو شەڕی جەنگی جیهانی دووەم بەردەوام بوو.

## 3- گەشت و گوزار لە سەردەمی نوێدا

ئەمەش لە دوای شەڕی جەنگی جیهانی دووەمدا دەست پێ دەکات تاوەکو ئێستا بەردەوامە ئەو کاتە بەدواوە گەشت و گوزار گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە گرینگترینیان بریتی بوو لە گۆڕانی گەشت و گوزاری تاکەکان بۆ گەشت و گوزاری کۆمەڵی، ئەمەش دوای ئەوە دێت لە جیهان ئەمن و ئاسایشی بەخۆیەوە دێت زۆرێك لە مافەکانی کرێکاران دەشیەبەر کران ئەبوە هۆی پەدا بوونی بوونی کاتی زیادە لە ژیانی کرێکاران و فەرمانبەران، ئەم کاتانەش بۆ گەشت و گوزار بەکارهێنران، لە پایەکی ترەوە ڕێکخراوی گەشت و گوزار دروست بوونی وە هەروەها لێکۆڵینەوە نووسین بەشێوەیەکی جۆراوجۆر پەیدابوو وە خزمەتگوزاری گەشتیاری گەشەی کرد و چووە قۆناغێکی نوێ گەشت و گوزار بووە سەرچاوەیەکی داهاتی نیشتیمانی (ڕۆستی، گەشت و گوزار و نەوتی ئایندەی کوردستانە، 2015، لا 39-40)

# باسی سێیەم

## گرنگی دەروونزانی

مرۆڤ لە لایەنی جەستەیی و دەروونی پێکهاتووە، بۆ بەردەوامی ژیانێکی تەندروست، هەردوو لایەنی جەستەی و دەروونی پێویستیان بە گرینگیدان هەیە، ئەم گرنگیدانە ئەمڕۆ بۆتە زانستێك كە دەیان بەش و لایەن لە خۆ دەگرێت. زانستی پزیشکی کە توێژینەوە بۆ لایەنی جەستەی مرۆڤ دەکات، زۆر گرینگی پێدراوە و لە زۆر بواردا گەیشتوونەتە ئەنجامی سەرکەوتوو، هەرچی لایەنی دەروونی (سایکۆلۆژی) مرۆڤە درەنگتر بایەخی پێدراوە، تەنانەت تاکو ئەمڕۆش لە هەندێك وولات و شوێن ئەو زانستە بایەخی پێ نادرێ، لە هەندێك شوێنیش وەك زانست بایەخی پێدەدرێت، بەڵام لە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی ژیانی رۆژانە سوودی لێ وەرناگیرێت، واتە هەندێك شوێنە زانستەکە هەیە و دەخوێندرێت، بەڵام نەتوانراوە نۆرینگەی تایبەتی بۆ دابنرێ، ئەمەش هۆکاری جۆراو جۆری لە پشتەوەیە، بەتایبەت هۆکاری کۆمەڵایەتی کە خۆی لە بازار و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، واتە هەر چەندە نەخۆش هەست بە نەخۆشی دەروونی خۆی بکات و پێویستی بە پزیشك هەبێت، بەڵام بەهۆی شەرمکردن و هەست بەکەمیکردن ناچێتە لای پزیشك. بۆیە زۆر جار کێشەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان بە هەڵواسراوی دەمێنەوە و کاریگەری خۆی لەسەر دەروون و تەنانەت لەسەر گشت جەستەش دروستدەکات. دەروونزانی تەنیا لە زانستی پزیشکی گرینگی پێنەدراوە بەڵکو وەك زانستێکی سەربەخۆ گرینگی پێدراوە کە پێی دەڵێن : (دەروونزانی – سایکۆلۆژی – علم النفس). دەروونزانی وەك زانستێك چەندان بەش و لایەنی جۆراو جۆری هەیە و لە زانکۆکان و پەیمانگەکان دەخوێندرێ.

هەروەها کۆمەڵناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ بەهەمان شێوە گرینگی زۆری بە دەروونزانی و کۆمەڵناسی (علم الاجتماع) داوە. دەروونزانی لایەنی دەروونی تاك دەخاتە ژێر توێژینەوە، بەڵام کۆمەڵناسی لایەنی تاك لەناو کۆمەڵگا و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا بەسەر تاك و کاریگەری تاك بەسەر کۆمەڵگا و رەفتار و کەلتوور و بەها و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر توێژینەوە. سەرجەم ئەم زانستانە گرینگی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاك دەدەن و بەدوای نەخۆشییەکان و بەدوای باشترین چارەسەریش بۆ تاك بۆ کۆمەڵ دەگەڕێن. چارەسەرییەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی یارمەتی دەرن بۆ باشترکردنی ژیانی تاك و پێکەوە ژیانی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگا. بەشێك لە مرۆڤەکان توانیوانە زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و تەنانەت پزیشکی دەروونزانی بخەنە خزمەت باشترکردنی بازاڕەکانیان و کارە بازرگانییەکان. بۆیە بایەخ بە لایەنی دەروونی تاك دەدرێ لە

کاتی مامەڵەکردن و ڕەفتار نواندن لە بەرامبەر یەکتری. ئەمەش یارمەتی دەرێکی زۆر باش بووە بۆ هەندێك لە خاوەن کارەکان بۆ ئەوەی بە پێی دەروونی تاکی بەرامبەر ڕەفتار بکات و خواستەکانی کڕیارەکەی لەبەر چاو بگرێت. لە هەمانکاتدا هەندێك لە کڕیارەکان لە ڕێگای ڕەفتاری تەندروست و باش سەرەنجی خاوەنکار رابکێشن و بەشێکی زیاتر لە کریێ یان خزمەتگوزاری دەست بخەن. کەواتە گرینگی دان بە لایەنی دەروونی و شارەزای بەدەست خستن یارمەتیدەرە بۆ هەر تاکێك تاکو ژیانی باشتر بکات و دەروونی ئاسوودەتر بکات و زۆرترین سوود وەربگرێت و قازانجی مادی بکات. دەروونزانی گەشتیاری لەم چوارچێوە گشتییەدا دەبێتە بەشێکی گرینگ، بەڵام کەمترین بایەخی پێدراوە وەك بەشێك لە زانستی دەروونزانی توێژینەوەی بۆ نەکراوە و لە مەیدانی کاری گەشتیاری بەکارنەهێنراوە. بۆیە لەم پەرتوکەدا تیشکێکی خێرای دەخەینە سەر، بە هیوای ئەوەی کە دەروونزانەکان بایەخی زیاتری پێبدەن و بگاتە ئەو ئاستەی لە مەیدانی کارکردنی گەشتیاری لە کوردستان سوودی لێوەربگرین. لە هەمانکاتدادا سەیران و گەشت و گەشتوگوزار لە ڕوانگەی دەروونزانی و کۆمەڵناسییەوە بخرێنە ژێر شرۆڤەی توێژینەوەکان، بە جۆرێك کە ڕەهەند جۆراو جۆرەکان و کاریگەرییە دەروونییەکان و کۆمەڵایەتییەکان شیبکرێنەوە و سوود و زیانەکانیان بۆ مرۆڤ بخرێنە ڕوو. (ڕۆستی، چۆن ڕەفتار لەگەڵ گەشت و گوزاردا بکەین؟، 2011، لا 24-26)

## باسی چوارەم

## گرنگی گەشت و گوزار

ئەمڕۆ گەشت و گوزار لە زۆربەی وڵاتاندا بۆتە سەرچاوەی داهاتی ساڵانە. تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە نەوت و پیشەسازی و تەکنەلۆژیایان تێدا بەهێزە، وەك وڵاتانی ئەمریکا و ئیسپانیا و ئیتالیا و چین و فەرەنسا و هیند و کۆریا و تورکیا. لە وڵاتانی عەرەبیش، میسر و ئەردەن و تونس و سوریا و ئیمارات و قەتەر و سعودیە. ئەمەش وایکردووە گەشتوگوزار وەك زانست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، هەروەها تەکنیك و هونەری نوێی تێدا بەکار بخرێ و ملیۆنان کرێکار کاری تێدا بکات و ببێت بە پیشەسازییەکی سەربەخۆ و سوود لە بەرهەمەکەی وەربگیرێت و زیاتر لە 52 جۆر پیشە و پیشەسازی بەگەڕ بخات، لە ساڵی 1985 ز بەدواوە گەشتگوزار وەك گەورەترین پیشەسازی ناسراوە و پێی دەگوترێ (پیشەسازی گەشتوگوزار). لێرەدا بە باشی دەزانم کە چەند نموونەیەك لە قەبارەی زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی گەشتیارانی جیهان و داهاتی

**پیشەسازی گەشتوگوزار لە نێوان دوو ساڵ بخەمەڕوو، کە تەنها 10 وڵاتی یەکەمی گەشتوگوزار لە جیهان وەردەگرین :**

**خشتەی ژمارە (1)**

| ولأتەکان | 2010 | 2009 | رێژە |
|---|---|---|---|
| ئیسپانیا | 81.9 ملیۆن | 79.1 ملیۆن | ٪3.5 |
| فەرەنسا | 59.2 ملیۆن | 58.5 ملیۆن | ٪1.1 |
| ولأتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا | 56.0 ملیۆن | 51.1 ملیۆن | ٪9.5 |
| چین | 54.7 ملیۆن | 49.6 ملیۆن | ٪10.2 |
| ئیتالیا | 43.7 ملیۆن | 41.1 ملیۆن | ٪6.3 |
| بەریتانیا | 30.7 ملیۆن | 30.1 ملیۆن | ٪1.9 |
| ئەلمانیا | 24.4 ملیۆن | 23.6 ملیۆن | ٪3.3 |
| ئۆکرانیا | 23.1 ملیۆن | 18.9 ملیۆن | ٪22.2 |
| تورکیا | 22.2 ملیۆن | 18.9 ملیۆن | ٪17.4 |
| مەکسیک | 21.4 ملیۆن | 21.4 ملیۆن | ٪0.0 |

**زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران لە (10) ولأتی یەکەمی جیهاندا**

(روستی چۆت رەفتار ، لەگەل گەشت و گوزاردا بکەین ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبری ، هەولێر چاپی یەکەم لا 7 تا 13)

**خشتە ژمارە (2)**

**زیاد بوونی داهاتی سالأنەی 10 ولأتی یەکەم لە گەشتوگوزار بە ملیار دۆلار**

| ولأت | کیشوەر | 2010 | 2009 |
|---|---|---|---|
| ولأتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا | ئەمریکای باشوور | $96.7 ملیار | $96.7 ملیار |
| ئیسپانیا | ئەوروپا | $57.8 ملیار | $51.1 ملیار |
| فەرەنسا | ئەوروپا | $54.2 ملیار | $46.3 ملیار |
| ئیتالیا | ئەوروپا | $42.7 ملیار | $38.1 ملیار |
| چین | ئاسیا | $41.9 ملیار | $33.9 ملیار |
| بەریتانیا | ئەوروپا | $37.6 ملیار | $33.7 ملیار |
| ئەلمانیا | ئەوروپا | $36.0 ملیار | $32.8 ملیار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئۆستراليا | ئۆستراليا | $22.2 مليار | $17.8 مليار |
| نەمسا | ئەوروپا | $81.9 مليار | $16.6 مليار |
| توركيا | ئاسيا | $18.5 مليار | $16.9 مليار |

**داهاتی (10) ولاّتی یەکەمی گەشت و گوزاری جیهان.**

(روستی چۆت رەفتار ، لەگەل گەشت و گوزاردا بکەین ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبری ، هەولێر چاپی یەکەم لا 7 تا 13)

**داهاتی ئەم (10) ولاّتە روونی دەکاتەوە کە داهاتی گەشت و گوزار بەشدارییەکی بەهێزی لە بواری ئابووری جیهاندا هەیە. لە بواری کرێکار و کارمەندیشەوە ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی لە بواری خزمەتگوزاری گەشت و گوزار کاردەکەن (هوتێل، چێشتخانە، نوسینگەی گەشت و گوزار، شوێنە گەشتیارییەکان، بواری خزمەتگوزاری) زۆر زیاترن لەم کرێکارانەی لە کارگە و دامەزراوە نەوتییەکان و لە کارگەی ئۆتۆمبێل دروستکردن کاردەکەن، یاخود بەواتایەکی دیکە، پیشەسازی گەشت و گوزار کێبڕکێی بەشێکی زۆری جۆرەکانی پیشەسازی دەکات، بۆ نموونە پیشە سازی دروستکردنی ئۆتۆمبێل کرێکارێکی زۆر کاری تێدا دەکەن، بەلاّم زۆری کرێکاری گەشت و گوزار وایکردووە کە لە هەندێك ولاّت کرێکار و داهاتی گەشت  و گوزار زیاتر لە کرێکار و داهاتی پیشەسازییەکانی دیکە.**

**لەسەر ئەم پێوەرانەی سەرەوە دەکرێ ئێمەی کوردستانی بۆ ئایندەی کوردستان و بەهێزکردنی بنەمای ژێرخانی ئابووری، گەشتوگوزار بکەینە یەکێك لە کۆڵەگەکانی بنەڕەتی، یاخود لە سەرچاوە ئابوورییەکانی داهاتی کوردستان. داهاتی پیشەسازی گەشتوگوزاریش بەندە بە چەند بنەمایەکی سەرەکی، واتە هەر شوێنێك دەتوانێت لەسەر ئەو بنەمایانە گەشە بە داهاتی ساڵانەی وەبەرهێنانی ناوچەکەی بدات.**

**گرنگترین بنەما و رەگەزەکانی ئەم بوارەش لە کوردستان کە بریتین لە سروشت (سروشت، شوێنەوار، دەستکرد، خزمەتگوزارییەکان)**

**سروشت (ژینگە) ئەمەش جۆری گەشتگوزاری خۆشی (ترفیهی – استجمام) و کات بەسەربردنی لەسەر بنیاد دەنرێت و زیاتر لە (80٪) گەشتیاران لە جیهان پێکدەهێنێت. رەگەزەکانی سروشتیش لە (ئاو و هەوا، جوانی و بەرزی چیا، روبار و کانی، بەرز و نزمی، دار و درەخت و سەوزایی، ئاژەڵ و باڵندەی کێوی) پێکدێن، ئەمانەش لە کوردستان بوونیان بەهێزە.**

هەر چەندە خزمەتگوزاری بۆ ئەم بنەمایە زیاد بکرێ و سوود لە ئامێر و تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرن، داهاتی گەشتیاری زیاتر دەبێت.

بەڵام مانەوەی شوێنەکان بە بێ دەستکاریکردن و دابین نەکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری، واتایەك بە گەشتوگوزار نابەخشێنێت، بۆیە پێویستە گەتوگوزار بە زانستی بکرێت و بەشێوەی ئەکادیمی کارگوزاری بۆ رابهێنرێ و هۆشیاری گەشتیاری بگەیەنرێتە تاکەکانی کۆمەڵگا. پەرەدان بە خوێندن و زانستی خزمەتگوزاری و دابینکردنی خزمەتگوزاری و ناساندن و بازاڕ بۆ دۆزینەوە و راکێشانی گەشتیارانیش وەك زانستێك پێویستن. لە ڕووی زانستیشەوە پیشەسازی گەشتوگوزار لەسەر زانست و هونەری تایبەت بنیادنراوە، لە پەیمانگە و زانکۆکان وەك زانستێك دەخوێندرێت و خاوەنی دەیان جۆر پێناسە و دەیان تیۆری تایبەتە. ئەگەر ئێمە کوردستان وەك وڵاتێك سەیر بکەین و بیر لە گۆڕان و پێشوەچوونی گەشت و گوزار بکەینەوە، ناچارین پەنا هەموو ئەو کەناڵ و ژێدەرانە ببەین کە یارمەتیدەر دەبن بۆ پێشکەوتنی ناوچەکە.

هەر وەك بەشێك لە ووڵاتانی تازە گەشەکردووە، توانییان لەم بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن، لە ساڵی (1960 لە 98٪) گەشتوگوزاری جیهان لە کیشوەری ئەوروپا بووە، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا لە (50٪) ی گەشتوگوزاری جیهانی لە کیشوەری ئەوروپا ماوەتەوە، واتا وڵاتانی تری جیهان بایەخی ئەم پیشەسازیەیان زانیووە و گرینگی پێ دەدەن و گەشتیار بۆ وڵاتەکەیان رادەکێشن. بۆ نموونە : مالیزیا ساڵی شێستەکان وڵاتێکی کشتوکاڵی بوو، ئەمڕۆ بۆتە وڵاتێکی گەشتیاری کە دانیشتوانەکەی (24) ملیۆنە، بەڵام (16) ملیۆن گەشتیار سەردانی دەکەن. یاخود وڵاتی کرواتیا کە لە ساڵی (1991) کەوتە ناو شەڕ و جینوساید لە لایەن سرِبییەکانەوە، لە ئەنجامدا (18) هەزار شەهیدیان دا، بەڵام لە ساڵی (1995) سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، ئەو وڵاتە ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە (5) ملیۆن کەس، بەڵام ساڵانە زیاتر لە (8) ملیۆن گەشتیار سەردانی دەکەن.

ئەم گەشەکردنە کوردستانیشی گرتۆتەوە، بەڵام لەسەرەتادایین. ژمارەی گەشتیاران لە کوردستان لە زۆربووندایە بۆیە دەکرێ سوودی لێوەربگرین و بەرێگای زانستی پێشی بخەین، لەساڵی (2007) ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان (377.397) گەشتیار بووە، بەڵام لە ساڵی (2009) زیاتر لە (791.345) گەشتیار و لە ساڵی (2010) زیاتر لە (1.313.841) گەشتیار بووە.

شاری هەولێر زۆرترین گەشتیار سەردانیان کردووە، ئەمەش بەهۆی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بووە لە شاری هەولێر، وەك زۆر کردنی میوانخانە و چێشتخانە وپارکی گەشتیاری و یاری و هۆڵی جۆراوجۆر، بۆ نموونە : لە ساڵی (2010) ژمارەی گەشتیارانی پارێزگای هەولێر گەیشتۆتە (615.479) گەشتیار واتە لە کۆی (1.300.000) گەشتیار لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010) نزیکەی نیوەی گەشتیاران هاتونەتە پارێزگای هەولێر. کە ڕێژەی (46.8٪) گەشتیارانی کوردستان پێکدەهێنێت.

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەشتوگوزار وەك تەکنەلۆژیا زۆر خێرا پێش دەکەوێت، بۆیە دەکرێ بڵێین : ئەگەر دوێنێ لە پیشەسازیدا دواکەوتین با ئەمڕۆ لە پیشەسازی گەشتگوزاردا نەکەوین.

هۆشیار نەبین فریا ناکەوین و کاروانمان جێدەمێنێت، هەروەك پێشتر کاروانمان لە پیشەسازی جیهان بەجێما و ئەمڕۆ ئێمە و وڵاتە پیشەسازییەکان (180) پلە لە یەکەوە دوورین، ئەوان بەرهەمهێن و ئێمە بەکار بەر. کە چی بەر لە (200) ساڵ هەردوو لامان بەرهەمهێن بووین. بۆیە پێویستە کوردستان وەك ناوچەیەکی گەشتیاری، هەموو تواناکانی بۆ پەرەپێدان و بەگەشتیاریکردنی بەکار بخات و بۆ ئایندە بڕوانێت، چونکە گەشەسەندنەکان زۆر خێرا دەڕۆن.(ڕۆستی، چۆن رەفتار لەگەڵ گەشتوگوزاردا بکەین؟، 2011، لا 7–13)

## باسی پێنجەم

## نموونەی شوێنێکی گەشتیاری هەولێر

### هەڵکەوتەی جوگرافیای هەولێر

هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و پایتەختی هاوینەی وڵاتی عێراقە، دەکەوێتە بەشی باشووری کوردستانی گەورە و باکووری وڵاتی عێراق. شاری هەولێر دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (37 و 35) باکووری گۆی زەوی و هێڵی درێژی (43 و 45) ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینیج، شوێنەکەی دەکەوێتە پانتایی دەشتێك کە لە بەشی باکوور و ڕۆژهەڵات بە کردۆڵکە و بەزنجیرە بەرزایی پیرمام دەورە دراوە. لە ناوەڕاستی شاردا گردێکی بەرز هەیە، کە قەڵای هەولێری لەسەر دروست کراوە. 414م لە ئاستی دەریاوە بەرزە، بەرزایی شاری هەولێر 390م لە ئاستی دەریاوە بەرزە. سنووری پارێزگای هەولێر لە باکوور لە گەڵ تورکیا و لە باکووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ وولاتی ئێران دایە، لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە باشووری لەگەڵ

**پارێزگای کەرکووك و لە باشووری رۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای تکریت و لە رۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای موسڵ و لە باکووری رۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای دهۆك دایە.**

## هەولێر شاری ئاوەدانی و بازنەکان

**لە دوای رزگارکردنی عێراق شاری هەولێر گۆڕان و پێشکەوتنێکی زۆر باشی لە جوانکاری شار و فراوانبوونی گەڕەك و گەڕەکی نویٚ و ڕێگاوبان و تەلارسازی و کۆشکی بێوێنە و فرۆکەخانە و بازاڕی نوێی سەردەم و پارك و باخچەی گشتی و هۆڵی بۆنە و چێشتخانە و میوانخانە و موتێل و سەنتەری جۆراوجۆر و ...... هتد بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە جگە لەوەی لە رووی سیاسی و ئیداری پایتەختی هەرێمە و دەیان بارەگای کۆنسولخانەی ولاٚتانی جیهانی لێکراوەتەوە، سالاٚنەش چەندان پێشانگای جیهانی جۆراو جۆر و گۆڕ و کۆنفرانسی لیٚ سازدەکریٚ، لە رووی ئەکادیمیەوە چەندان زانکۆ و پەیمانگای حکومی و ئەهلی لێکراوەتەوە. هەولێر بەهۆی شەقام و جادە بازنەیەکانی کە گەڕەکەکانی لەیەك جیاکردۆتەوە و بەشێوەی بازنەی گەشەی بەشارداوە تایبەتمەندی وەرگرتووە، ئەمەش بە بازنەی قەلاٚی هەولر بۆ شەقامە بازنەیەکانی 30 مەتری و 60 مەتری و 40 مەتری و 120 مەتری یەك لە دوای یەك دەستپێدەکات.**

**هەولێر پایتەختی هاوینەی گشت عێراقە و لە ئاییندە دەبێتە شارێکی گەشتوگوزاری جیهانی.**

**جگە لەمانە هەولێر و سنووری پارێزگای هەولێر بنەمایی گشەتیاری زۆرە، بەهۆی ئەم بنەمایانە و دابینکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری دەتوانریٚ هەولێر لە ئاییندە بکرێتە شاری گەشیاران، لەم کتێبەدا گەشتێك بە شوێنە گەشتیارییەکان دەکەین و هەندێکیان دەخەینە ڕوو :**

## هەولێر کۆنترین شاری جیهان کە ژیان تێیدا بەردەوامە

**مێژووی ئاوەدانی لە شاری هەولێر بە تەواوی نەزانراوە، بەلاٚم بە پێی هەندێك دۆزراوەوە و سەرچاوە، دەگەڕێتەوە بۆ 6 بۆ 7 هەزار ساڵ پێش زاین، مێژووی قەلاٚکەی بۆ 4 هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. 2300 ساڵ پێش زاین لە نووسراوی سۆمەرییەکان ناوی هەولێر بە ئۆربیلم هاتووە، هەروەها لە سەردەمی بابلییەکان و ئاشوورییەکان بە ئەربائیلۆ هاتووە. دەیان شەڕ و پێکدادان لە کۆن و نویٚ هەولێری گرتۆتەوە، بەناوبانگترینیان شەڕی نێوان میدیەکان و ئاشوورییەکان بووە لە 612 پێش زاین، کە میدیاکان دەسەلاٚتی ئاشووریان لە ناوبردووە. شەڕی داریۆش فارس و ئەسکەندەری یۆنانی لە 331 پێش زاین. هەروەها شەڕی نێوان دانیشتوانی هەولێر و هۆلاکۆی مەغۆلی. لە بەرامبەردا خۆڕاگر و سەرکەوتوو بووە و بەردەوام بووە لە ژیان.**

وەك سەرچاوە مێژووییەکان باس دەکەن شاری هەولێر و شاری دیمەشق کۆنترین شارن کە تاکو ئەمڕۆ ژیان لێیانەوە بەردەوامە. واتە شاری کۆنتر هەیە، بەڵام ئێستا وەك شار نەماون.

## شاری شوێنەوار و بەیەکەوە ژیان و گەشتوگوزار

هەر شارێك کۆنبێت، شوێنەواری دەبێت، شوێنەواریش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گشتوگوزار، واتە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران بۆ بینین و لێکۆڵینەوەی زانستی روو لە شوێنەوارەکان دەکەن. هەولێر دەوڵەمەندە بە شوێنەوار، ئەشکەوتی شانەدەر کە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر 60 –65 هەزار ساڵ پێش زاینی لانکی ژیانی مرۆڤی نیاندرتاڵ بووەو بە یەکێك لە لانکی ژیان لە جیهان دەژمێردرێت. گردی قالینج ئاغا و چەند شوێنی تر 5 هەزار ساڵ پێش زاین ژیانی لێبووە، واتە بۆ ئێستا دەکاتە 7 هەزار ساڵ. قەڵای هەولێر لە مۆزەخانەی شوێنەواری و کەلتووری گەورە و فراوان دەچێت، تەنیا پێویستی بە رێکخستن و نۆژەنکردنەوە هەیە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر قەڵای کۆن لە دەورووبەری هەولێر هەیە وەك قەڵاکانی : (بانەمان و دوین و دێرێ و خانزاد لە هەریر و ئیچ قەڵا لە رواندوز و گوندی رۆست لە باڵەکایەتی و بۆگرد لە سنووری کۆیە). هەولێر منارەی چۆلی و بازاڕی قەیسەری و بینایەی حەساری قشلەی سوارە و گەڕەکی کۆنی تەعجیل و خانەقای هەیە، مەزارگە و گۆڕی عوزێر پێغەمبەر و سوڵتان موزەفەر لە شەقامی موزەفەریە دوو شوێنی پیرۆزن، کە دەکرێ بۆ بواری گەشتیاری ئایینی سوودیان لێوەربگیرێت. چەند گەرماوی کۆن لەوانە گەرمای سەرقەڵای هەولێر، چەند مزگەوتی کۆن لەوانە مزگەوتی سەر قەڵا و مزگەوتی خانەقا و ناو پارکی شار و شێخەڵلا. هەروەها خاوەنی کەلتوورێکی دەوڵەمەند و تایبەت بەخۆیەتی. هەولێر لە کۆنەوە جێگای پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و ئایینەکان بووە، ئێستا کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدان و عەرەب لە پارێزگای هەولێر دەژین، هەروەها هەڵگری باوەڕی ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحی لە هەولێر و شارۆچکەکان وەك برا بەیەکەوە دەژین. ئەمانە گشتیان بنەمای راکێشانی گەشتیارن و شار دەکەنە شاری گەشتوگوزاری.

## هەولێر شاری پارك و باخچەكان

پاركەكان بۆ زۆربوونی رێـژەی سەوزایی و بۆ پشودانی هاولاّتیان و بۆ گەشتیاران و بۆ گۆڕینی ئاو و هەوا و بۆ جوانكردنی شار زۆر گرنگن. لـە سـەردەمی رژێمـی بـەعس تـەنیا پـاركی گلكەنـد و خـانزاد و روونـاكی بەڕووبـەرێكی كـەم هـەبوون و مـاون. كـە لـە 1٪ سـەوزایی پێكنەدەهێنا، بەلاّم ئەمڕۆ (2010) زیاتر لە 119 پارك و باخچە لە شاری هـەولێر هەیـە و رێـژەی زیـاتر لـە 4٪ سـەوزایی پێـك دەهـێنێ. هـەر یـەك لـە پاركـەكانی شـەهید سـامی عەبـدولرەحمان و پـاركی شـانەدەری 1 و 2 و پـاركی منـارە لـە سـەر رووبـەرێكی زۆر فـراوان دروسـتكراون و و بەشێوازێكی سـەردەمیانە بنیـادنراون و دەیـان بـەش و سـەدان جـۆر دار و گـول و نـافورەی ئـاو و یـاری جـۆراو جـۆر لـە خـۆ دەگـرن. هاولاّتیـان و گەشـتیاران كـاتێ سـەردانی ئـەم پاركانـە دەكـەن هەست بە ئارامی و پشوودانێكی تەواو بكەن. شایانی ئاماژەیە كە سەردان بۆ پاركەكانی ناوبراو بێ بەرامبەرە و هیچ پارەیەك لە گەشتیار و هاولاّتیان وەرناگیرێت. هەروەها سـەرجەم یارییـەكانی ناوپاركەكان بە بێ پارەیە، جگـە لـە سـواربوونی تەلـەفریك لـە نێـوان پـاركی شـانەدەر و منـارە كـە كەرتی تایبەت دایناوە.

لـە لایـەكیتر ناوەڕاسـتی سـەرجەم شـەقامەكان بـە دار و گـولّ رازاوەتـەوە. باسـكردنی هەریـەك لـە پاركەكان بـە نووسـین شـتێكی بێمانایـە، تـەنیا ئەوكاتـە دەزانـی چیكراوە و چـی هەیـە، كـە خـۆت سـەردانی چـاری هـەولێر و پاركـەكانی بكـەی. دەورووبـەری قـەلاّ بـە ئـاوپڕژێن و پـاركی شـار و بەسالاّچوان و پاركی پارێزگا رازاوەتـەوە، نـافورە یـان ئاوپڕژەكـان، شـوێنی دەلاّلخانـەی جـاران و نزیك بینایەی پارێزگا، ئەمڕۆ بوونەتە پارك و دەیـان نـافورەی جۆراوجـۆر ڕووە و ئاسـمان دەڕۆن و شـار دەڕشـێنن. لـەناو هەریـەك لـە پاركـەكانیش نافورەكـان لـە ژمـارە نایـەن، بەتایبـەت پـاركی شانەدەری 2.

## شاری یاری و تەلەفریك

وەك ئاماژەمان بۆ كرد لەناو پارکەکان چەندان یاری بۆ منداڵان دانراون و ئامێری وەرزشی بەبێ بەرامبەر بۆ گەوران دانراون. لە هۆل و مۆل و بازەڕە گەورەکان (سوپەرمارکێت و مۆڵەکان) یاری منداڵان. یاریگای ئەکواپارك لە نزیك پارکی شانەدەر، یاری ئاوی (خشان و مەلەوانی) و بۆلینگ و یاری تر لە خۆدەگرێت. لە شاری یاری فامەلی فان کە 2009 کراوەتەوە و سەدان جۆر یاری و ئەتاری منداڵان و گەوران و خێزانی لە خۆ دەگرێ.

یاری تەلەفریك لەناو پارکی شانەدەر و منارە کە 3 پارکی نموونەی یەکتری بەدەستێتەوە سەرەنجی گەشتیار رادەکێشێ. هەولێر چەندان مەلەوانگەی کراوە و سەرداخراوی هەیە، وەك (مەلەوانگەی پارکی شەهید سامی، بلو لەسەر رێگای کەسنەزان، هەولێر داخراو لە ناو وەزارەتی رۆشنبیری، مەلەوانگەی عەنکاوە لە عەنکاوە، مەلەوانگەی ئەکواپارك و باخچەی رووناکی، مەلەوانگە و یاری سەر رێگای هەولێر – پیرمام).

## مۆزەخانە و شارستانییەت

## مۆزەخانەی شارستانی هەولێر :

مۆزەخانەی دەکەوێتە ناو شاری هەولێر، نزیك بەرزە بردی شەهید ئەکرەم مەنتك، سەدان پارچە شوێنەواری جۆراوجۆری لە خۆگرتووە و مێژووی سەردەمە جیاوازەکانی ژیان لە پێش مێژوو و سەردەمی مێژوو لە پارێزگای هەولێر دەگێڕێتەوە، کە بۆ سەردەمی مرۆڤی نیاندرتاڵ 65 هەزار ساڵ پێش مێژوو دەگرێتەوە، چەندان پەیکەر و کوپەی جۆراوجۆر تەنانەت ئەو کوپانەی مرۆڤیان لەناوناشتووە بەرچاو دەکەون. هەروەها دەیان جۆر ئامێر و کەرستەی جۆراوجۆر کە مرۆڤ لە ژیانیدا بەکاری هێناوە و تەنیا چەند دانەیەکی لێدۆزراوەتەوە بەرچاودەکرێت. مۆزەخانە یەکێکە لە بنەما بەهێزەکانی گشەتیاری. چاوەڕوانی دەکرێ لە ئاییندە گرنگی زیاتری پێ درێ و گەشتیاران زیاتر سەردانی بکەن.

## مۆزەخانەی رستن و چنین :

دەکەوێتە سەر قەلأی هەولێر کە ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی دەست کردی کوردەواری لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت کەلوپەلی رستن و چنین. ئەمانەش گوزارشت لە کەلتووری کوردی دەکەن، بەشێکیان لەم کەلوپەلانە لەهەمان شوێن دروست دەکرێتەوە و لە لەناوچوون دەپارێزرێن و بۆ فرۆشتنیش بەکاردێن، واتە گەشتیار دەتوانێ بەدیاری بۆ ولأتەکەی خۆی بەرێتەوە، بەلأم بەشێکیان دروست ناکرێتەوە بۆیە تەنیا بۆ بینین و ناسین و سەیرکردن بەکار دەهێنرێن. ئەمەی لەم بەشەدا بەرچاوت دەکەوێ وەك بنەمایەکی گەشتیاری گرنگ سەیردەکرێ، چونکە بەشێك لە گەشتیاران شەیدای ناسین و بینینی داب و نەریتی گەلانی ترن و ئارەزوو دەکەن لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر دەسکردەکانیان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە سەدان گەڕیدە و گەشتیار روویان لە وولأتان کردووە، سالأنە زیاتر لە 50 تا 60 هەزار گەشتیار سەردانی مۆزەخانەی رستن و چنین دەکەن. کوردستان بەم بنەما گەشتیارییە دەوڵەمەندە، بەلأم پێویستە هەوڵبدرێ لە رێگای فرۆشتنیان لەناونەچن بپارێزرێ. باشوایە هانی پیشەوەران بدرێ و بەردەوام بن لە دروستکردنی کەلوپەلەکانی کولتووری کوردی.

## ئەنتەیەکەخانەی قەلأی هەولێر :

بەشێکی تری کەلوپەلەکان لە ئەنتیکخانەی سەر قەلأت بەرچاو دەکەون، ئەمەشیان کەلوپەلی کۆنی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، کە پێشتر لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری بەکارهاتوون و ئەمڕۆ بەکار نایەن، ئەمەش وەك مۆزەخانەیەکی ئەنتۆگرافی وایە، بەلأم مەترسی لەناوچوونی ئەم جۆرە کەلوپەلانە دەکرێ، چونکە کڕین و فرۆشتنیان لە دوکان و بازاڕەکانیش پێدەکرێت و وەك مەلوپەلی دەگمەن و جوان (توحفە) سەیر دەکرێن.

قەلأی قەلأی هەولێر (قەلأتی هەولێر) دەکەوێتە ناوەندی شاری هەولێر، لە دوو رێگای سەرەکی و دوو دەرگای سەرەکی بە پیادە و بە ئۆتۆمبێل دەتوانێت بچیتە ناو قەلأو گەرەکانی، رێگای یەکەم لە رۆژهەلأتە و دەکەوێتە بەرامبەر پارکی شار و بازاڕی نیشتیمان و قەیسەری کۆنی هەولێر، رێگای دووەمی لە رۆژئاوای قەلأکەیە و دەڕوانێتە سەر بینایەی پارێزگا و گەڕەکی مستەوفی. شەقامێك بە ناوەڕاستی قەلأ دەڕوات و هەردوو دەروازەکە بە یەك دەگەیەنێت. قەلأ شێوەی بازنەی وەرگرتووە و لەسەر بەرزایەك دروستکراوە کە 25 م لە دەروروبەری خۆی بەرزترە و لە

هەندێك شوێن دەگاتە 30م، خانووەکانی قەلاّ لە دەورووبەری قەلاّ وەك شوورەیەك بەیەکەوە بەستراون و بوونەتە بازنە بۆ دەرەوەی قەلاّ، لە دەرەوەی قەلاّ، خانووەکان بە ئەندازەی بیناسازی جیاواز خۆیان پیشان دەدەن و دیمەنێکی زۆر نەوازە جوانیان بە قەلاّ بەخشیوە.

رووبەری پانتایەکەی قەلاّ 110 هەزار مەتر دووجا دەبێت، ژمارەی خانووەکانی سەر قەلاّ 506 خانووە و بەسەر سێ گەڕەکی (سەرا ، تۆپخانە ، تەکیە) دابەش بوونە. ژمارەیەك لەو خانووانە بە شێوەی ئەندازەی بیناسازی و هونەری پێشکەوتوو دروست کراون، وەك خانووەکانی (هاشم دەباغ چەلەبی، مەلا سالم چەلەبی، ئەحمەد چەلەبی، شێخ جەمیل عەلی ئەفەندی، مۆفەقی حاجی رەشید ئاغا، ماڵی عەلی پاشا). خانووەکانی قەلاّ چەندان جۆر نەخش و نیگار و جوانکاریان بۆ کراوە. لە مانگی 3 ی 2004 کۆنفرانسێك بۆ نۆژەنکردنەوەی قەلاّ بەسترا، لە ژێر چاودێری رێکخراوی جیهانی بۆ شوێنەوار (یونسکۆ) نۆژەنکردنەوەی قەلاّ دەستی پێکردووە و تاکو ئێستا (2011 ز) بەردەوامە. ئێستا نۆژەنکردنەوەی قەلاّ لە لایەن رێکخراوی یۆنسکۆ سەرپەرشتی دەکرێت و پالێوراوە بۆ ئەوەی بچێتە ریزی شوێنەوارە گرنگەکانی جیهان و پارێزگاری لێبکرێت، دوای تەواوبوونی نۆژەنکردنەوە، قەلاّ دەبێتە شوێنێکی گەشتوگوزاری گرنگی جیهانی. وا چاوەڕوان دەکرێ لەسەر قەلاّ هەندێك لە شوێن و خانووەکان بۆ مۆزەخانە و میوانخانە و مۆتێل و چێشتخانە و گازینۆی گشەتیاری و چەند ماڵێکی کوردەواری بەکاربێنن.

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئێستاش هەردوو مۆزەخانەی رستن و چنین و ئەنتیکخانەی فۆلکلۆری لەسەر قەلاّ شوێنیان هەیە. لەناوەڕاستی قەلاّ مزگەوتی قەلاّت و گەرماوی قەلاّت هەیە.

## مزگەوتی قەلاّ

دەکەوێتە ناوەڕاستی قەلاّ، کۆنترین مزگەوتی شاری هەولێرە، لە لایەن ژمارەیەك مێژوونووسی کۆن ناوی هێنراوە، وەك یاقوتی حەمەوی لە ساڵی 1220 ز، هەروەها ئیبن مستەوفی (1269 – 1329 ز)، چەند جارێك نۆژەنکراوەتەوە، دواجار مێژووی نۆژەنکردنەوەی ساڵی 1719 ز بەسەرەوە ماوە.

## گەرماوی قەلاٚ

دەکەوێتە ناوەڕاستی قەلاٚ تەنیشت مزگەوت، دوو قوبەی لەسەرە، لە ناوەوەدا لە چەند ژوورێکی پێشوازی و جل گۆڕین و لە دوو بەشی زستانە و هاوینە پێکهاتووە، بیرێکی ئاوی تێدایە، کە قولاٚیی لە 45 م زیاترە، مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی 1775 ز دەگەڕێتەوە.

گەرماوەکە ئێستا بەکار نایەت. لە ساڵی 1979 ز نۆژەنکراوەتەوە، لەساڵی تووەتەکان و دوو هەزار بۆ ماوەیەك کرایە گەلەری هونەری بەناوی (ناوەندی رۆشنبیری سەردەم). ئێستا وەك شوێنەوارێك ماوەتەوە.

## ئاییندەی گەشتیاری شاری هەولێر

بەردەوامبوونی هەولێر لەو گەشەسەندنەی تێدایە و بە پێی ئەو ماستەرپلانەی کاری بۆ دەکرێ، هەولێر دەبێتە شاری گەشتیاران. بۆ نموونە بەردەوامبوونی پیشانگا و کۆنسێرتی هونەرمەندە بەناوبانگەگانی کورد و فارس و عەرەب گەشتیاران رادەکێشێ. کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی. فراوانکردنی فرۆکەخانەی هەولێر. دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر هۆتێل و چێشتخانەی 4 و 5 ئەستێرە. بازاڕی گەورە و سەردەمی. پاراستنی ئاسایشی و سەقامگیری بەردەوام. فراوانکردنی پارکەکان و هێنان یاری و کردنەوەی شاری یاری ئەوروپیانە. نۆژەنکردنەوەی قەڵاٚی هەولێر و تۆمارکردنی لە رێکخراوی یۆنسکۆ و کردنی بە شوێنەوارێکی جیهانی و نۆژەنکردنەوەی بازاڕی کۆن و جوانکاری لەسەر بنەمای شوێنەواری بۆ دەورووبەری قەلاٚ و هەندێك لە گەڕەکی کۆن و کنە و پشکنینی شوێنەواری و کردنەوەی مۆزەخانەیەکی نیشتیمان و دروستکردنی پشتتینەی سەوزایی بە پانی 2 کم بۆ شاری هەولێر کە گریمانە دەکرێ دەیان جوانکاری و شوێنی گەشتیاری تێدا بێت، کە رێژەی سەوزایی بۆ 38٪ بەرز دەکاتەوە، ئەمەش زیاترە لە ستاندەری رێژەی سەوزایی جیهانی کە 30٪ بەم جۆرە شاری هەولێر دەبێتە شارێکی گەشتیاری جیهانی و لە هەموو ولاٚتان ڕووی تێدەکەن.

## منارەی چۆلی

منارەی چۆلی یەكێكە لە شوێنەوارە دێرینەكانی شاری هەولێر، دەكەوێتە ناو پاركی منارە لە ڕۆژئاوای قەلاّی هەولێر بە دووری 1كم، بەو هۆیەی دەوروبەرەكەی چۆل بووە و كەمێك لە قەلاّ دوور بووە بە منارەی چۆلی ناسراوە. لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (سولتان موزەفەرەدین 522 – 630 ك، 1228 – 1333 ز) دروستكراوە.

منارەكە لە دوو بەشی سەرەكی پێك هاتووە، یەكەم بنكەی منارە كە بەرزییەكەی 15 م و بەشی دووەم لولەی منارەكەیە كە 22.10 م بەرزە، تێكڕای بەرزی منارەكە دەگاتە 37.10 م. منارەكە لەبەرد و كەرپووچ دروستكراوە. منارەكە دوو دەرگای هەیە، بۆ سەركەتنی دوو پلیكانەی لە ناوەدا هەیە كە تا سەر ترۆپكی سەر دەكەون و ژمارەیان 139 پلیكانەیە و لەیەك كات دوو كەس بەیەكەوە سەر بكەون. لە ناوەڕاستیدا واتە كۆتایی بەشی دوو پەنجەرە هەیە و تارمەیان هەیە. دوو نەخشی سەرەكی لە منارەكەدا هەیە، كە یەكەمیان نووسینە و دووەم جوانكارییە، جوانكارییەكان شێوەیان زۆرە وەك ئەستێرە و چوارلا و شەش لاو بازنەی و پیتی ئینگلیزی (T,X,Z) و ..... منارەكە لەسەر بنكەكەی حەوت لا دروستكراوە. لە دەوروبەری منارەكە شوێنەواری مزگەوتێك دۆزراوەتەوە كە بەر لە منارەكە دروست كراوە.

حكومەتی هەرێمی كوردستان دەوروبەری منارەكەی بە پانتایەكی فراوان كردۆتە پارك و بەناوی پاركی منارە كە هەزاران هاولاّتی و گەشتیار ئێواران بۆ پشوودان و بۆنكردنی گوڵەكانی پاركەكە رووی تێدەكەن. (ڕۆستی، گەشتێك بۆ گەشتوگوزار، 2011، لا 24–34)

## باسی شەشەم

## نموونەیەکی تری گەشتیاری شەقڵاوە

شەقڵاوە بە دووری 46 کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە هەولێرەوە تا دەگەیتە شەقڵاوە لە 90٪ رێگاکەی دووسایدکراوە. لە نێوان هەولێر و شەقڵاوەدا، شوێنی تری گەشتیاری وەك شارۆچکەی پیرمام و گوندی کۆڕێ و قەڵای بانەمان هەیە. هەروەها سەیرانگەی شێرەسوار و خانزاد و تەرسکە دەکەونە سەر هەمان رێگا.

### ناو و هەڵکەوتی جوگرافیای شەقڵاوە

سەبارەت بەناوی شەقڵاوە دەڵێن : لە شەقڵ (لقی دار) و ئاو هاتووە، واتە شوێنێکی پڕ دار و ئاو، هەنێکیتر دەڵێن : لە شاقوڵی میری سۆران وەرگیراوە، کە پایتەختەکەی ماوەیەك لە شەقڵاوە بووە. شەقڵاوە دەکەوێتە نێوان هەردوو زنجیرە چیای سەفین و سۆرك، سەفین لە باشوور و سۆرك لە باکوور دەرەوەی شەقڵاوەیان داوە، ئەمەش وایکردووە شەقڵاوە لە ناو نیمچە دۆڵێك هەڵبکەوێت. شەقڵاوە دەکەوێتە بەشی باکووری دامێنی چیای سەفین، واتە دەکەوێتە لای نزاری چیاکە. چیای شەفین 1975 مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە، زنجیرە چیای سەفین بە دار و درختی بەرز و مامناوەندنی و بچووك داپۆشراوە و چەند جۆرە ئاژەڵێکی کێوی لێ دەژین، لە دامێنی چیادا چەند ئەشکەوتێك هەیە (کۆتران، پیسك، دەنگارە، بەردی کۆنتێ)، هەروەها مەزارگەی رەبەن بۆیا (وسورەخان) کە هەزاران گەشتیار سەردانی دەکەن دەکەوێتە دامێنی چیاکە. لە سەر چیای سەفین پانتایەکی فراوان و زۆر گونجاوە بۆ دروستکردنی شارێکی گشەتیاری هەیە (ماستەرپلانی شارەکە تەواو بووە و چاوڕێی دەستپێکردنیەتی). لە زستاندا باران و بەفرێکی باش لە چیا و ناوچەکە دەبارێت، ئەمەش وایکردووە، کە چەندان کانی لە ناو شەقڵاوە هەڵبقوڵێت و شەقڵاوە ارزاوتر بکەن. پلەی گەرمی لە زستان نزمە و دەگاتە نزیك سفر، لە هاویندا فێنکە و لە شارەکانی تر پلەی نزمترە و بەرزترینی پلە بە رۆژ دەگاتە 37 پلەی سەدی، بەڵام لە شەواندا زۆر فێنك و لە بارە. لە وەرزی بەهار و هاویندا دیمەنی شەقڵاوە سەوز دەپۆشێ، لە پایزاندا گەڵاڕێزان و لە زستاندا بەرگی سپی دەپۆشێ.

## شاری گەشتیاری شەقڵاوە

لـە سـاڵی سـییەکانەوە شـەقڵاوە ڕووێکـی گەشـتیاری پەیـدا کـردووە. شـەقڵاوە شـارێکی گەشـتیارییە دەکـرێ وەك هاوینەهـەوارێك پێناسـەی بکـەی، شـەقڵاوەی کـۆن بـە دار و درخـت داپۆشـراوە و خانووەکـان لـە ژێـر سـێبەری دارەکـان دروسـتکراون. شـەقڵاوەی نـوێ دەکەوێتـە سـەرمەیدان و کـەمتر دار و درەخـتی هەیـە. لـەناو شـەقڵاوەدا چـەندان میوانخانـە و مۆتێـل و چێشتخانە و گازینۆی گەشتیاری هەیە. بازاڕی شەقڵاوە دیمەنێکی جوان و گەشتیاری هەیە، لە دوکانەکاندا جۆرەها بەرهەمی دروستکراوی خۆماڵی وەك مێوژ و لەتکە هـەنجیر و سرکە و مرەبا و نانەقەیسـی و دۆشـا و خـواردنی تـر دەبینـدرێ، هـەروەها جۆرەهـا بـەری میـوەی باخـەکانی شەقڵاوە دەبینرێ، دانیشتوانی شەقڵاوە زۆر ڕێزی گەشتیاران دەگرن و مامەڵەیان نـەرم و بەڕێزە بۆ گەشتیاران، ئەمەش وایکـردووە چەندان گشـەتیار دۆسـتایەتی هەمیشـەی لەگـەڵ دانیشـتوانی شەقڵاوە دروست بکات، تەنانـەت هەنـدێك لـە کچەکانییان هاوسـەرگیری لەگـەڵ کـوڕە گەنجـەکانی شەقڵاوە ببەستن و پرۆسەی هاوسەریان لەگەڵ ئەنجام بدەن. دانیشـتوانی شـەقڵاوە لـە ئیسـلام و مەسیحی، واتە لە کورد و کلدان و ئاشووری پێکهاتوون و وەك برا بەبێ کێشە بەیەکەوە دەژین.

## پرۆژەکان شەقڵاوەیان جوانتر کردووە

شـەقڵاوە سـاڵ دوای سـاڵ جـوانتر دەبێـت و زیـاتر گەشـتیاران بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێ. ساڵانە پرۆژەی نوێی گەشتیاری لە شەقڵاوە ئەنجام دەدرێ، لـە دوای پرۆسـەی ئازادی 1991 و ئازادی عێـراق 2003 دەیـان پـرۆژەی گەشـتیاری و ئاوەدانی لـە لایـەن کـەرتی تایبـەت و کـەرتی گشـتی (حکوومـەت) ئەنجامـدراوە. کـەرتی تایبـەت چـەندان میوانخانـە و چێشـتخانە و مۆتێـل و بـازاڕی نـوێ و کۆمەڵگـەی گەشـتیاران دروسـتکردووە، کـەرتی گشـتی هـەوڵی داوە ڕێگاوبـان و شەقام و ئاو کارەبا دابین بکات. ئەم پرۆژانە سیمای شەقڵاوەیان زۆر جوانتر و ڕازاوەتر کردووە.

## بازاڕی شەقڵاوە

شەقڵاوە جیا لە هاوینەهەوارەکانی تر بازاڕێکی ڕازاوەی هەیە، لە بازارەکە هـەموو جـۆرە کەلەپەلێك و پێداویستییەك دەست دەکـەوێت. شـەقامەکان و دووکانـەکانی نـۆژەن کراونـەتەوە و دیمـەنێکی جـوان و پـاك و خـاوێن بـە بـازار و دیمەنەکـەی بەخشـراوە. ئـەوەی بازاڕەکـەی بـە گەشــتیاری کــردووە و گەشــتیاران ئــارەزووی دەکــەن، بریتییــە لــەو خــواردن و کەلوپەلــە کوردەوارییانەی کە بە دیمەنێکی سـەرەنجراکێش لـە دووکانـەکان دانـراون. خـواردنی لـە بەرهـەمی

باخ و باخچەکانی شەقلاوە و ناوچەکە دروستکراون وەك : (گوێز، مێوژ، باوی، لەتکە هەنجیر، سرکەی هەنار، نانە قەیسی، نانەگەراج، گولەبەرۆژ، هەروەها بەرهەمی شارەکانی تر بە هەموو جۆرەکان دانراون وەك گەزۆی سلێمانی و حەلوای موسڵ و تەحینی ئاکرێ ....) هەروەها جۆرەها چەرەزات و خواردن و خواردنەوە هەیە. لە هەندێك شوێن کەلوپەلی جوانکاری ناوخۆی و بیانی دەبینرێ. لەوەرزی هاوین چەندان جۆرە میوە و تەڕەی خۆماڵی وەك : (سێو، هەنجیر، هەرمێ، ترێ، خۆخ، قەیسی، خەیار، تەماتە، .... دەبینرێ). لە بازاڕی شەقلاوە کازینۆ و چایخانە و قاوەخانە و چێشتخانە و خواردنگای جۆراوجۆر هەیە، لە تەك ئەمانەشدا میوانخانە و مۆتێل لە چەقی بازاڕ و لەناو باخچەکان دروست کراون و پێشوازی لە گشتیاران دەکەن.

## سەرەنج و پێشنیار

لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەی شاری گەشتیاری شەقلاوە بەخۆیەوە بینیوە، بەلاّم سەرەنج و تێبینیمان لەسەر زیاتر پێشخستن و بە گەشتیاری کردنی شەقلاوە هەیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان دەکەین، کە رەنگە لە ئایندە بتوانرێ ئەنجام بدرێن. بۆ نموونە ئەو بۆشایەی دەکەوێتە نێوان شەقلاوە و چیای سەفین، هیچ سوودی لێوەرنەگیراوە و خزمەتگوزاری وەك رێگاوبانی بۆ دابین نەکراوە. لەم شوێنەدا جێگای چەندان پرۆژەی گەشتیاری دەبێتەوە.

شەقلاوە شوێنی گشتی وەك پارك و یاریگا و شاری یاری کەمە یاخود نییەتی. هەر چەندە رووبەری شەقلاوە نەگونجاوە بۆ پرۆژەی گەورە، بەلاّم دەکرێ ئەم جۆرە پرۆژانە ببردرێتە دەرەوەی شار، وەك سەر رێگای (شەقلاوە – هیران) یان رێگای سۆران. شاری شەقلاوە پێویستی بە یاری تەلەفریك هەیە، کە چیای سەفین و شەقلاوە لە لایەکو شەقلاوە و سۆرك لە لایەك بەیەکەوە دەبەستێتەوە. شەقلاوە پێویستی بە چەند جۆرە مەلەوانگەیەکی کراوە و داخراو هەیە. شەقلاوە پێویستی بە چەند جۆرە مۆزەخانەیەك هەیە. بە تایبەت مۆزەخانەی کەلتووری. پێویستە بازاڕی تایبەتی بۆ کەلوپەلە دەسکردەکان و دەگمەنەکان (توحفە) هەبێت.

لە رووی خزمەتگوزارییەوە شەقلاوە لە وەرزەکانی گەشتیاری زیاتر پێویستی بە کارمەندی خزمەتگوزاری شارەوانی و بنکە گەشتیارییەکان هەیە. پێویستە بەردەوام خولی رۆشنبیری گەشتیاری بۆ خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان بکرێتەوە. پێویستە چەند جۆرە رابەر (دلیل) ی گەشتیاری و نەخشە و فیلمی تایبەتی لەسەر شەقلاوە و شوێنە گەشتیارییەکانی تری هەرێم لە بازاڕەکان و لە شوێنە گەشتیارییەکان هەبێ. نابێ رێگا بدرێ لە وەرزی گەشتیاری بازاڕ قورغ بکرێ و گرانی دروست بکرێ، چونکە گەشتیاران ئەمرۆ چاو کراوەن و بەدوای شوێن و بازاری

هەزاران دەگەڕێن، ئەمەش سەرەنجی گەشتیاران رادەکێشیٚ و بازار گەرمتر دەبێت. پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە شەقلاوە لە وەرزەکانی تریش وەك شوێنێکی گەشتیاری بمێنێتەوە. ئەمانە هەموویان شەقلاوە دەکەنە ناوچەیەکی گەشتیاری نەك تەنها شارێکی گەشتیاری. (رۆستی، گەشتێك بۆ گەشتوگوزار، 2011، لا 58–61)

## باسی حەوتەم

# را پــرســی

## را پرسی دەربارەی رێکخستنی گەشتیاری لە شاری هەولێر

**لە دابەش کردنی چل فۆرمی را پرسی ئەم ئە نجامەمان بۆ دەرچووە کە لەگەل کەسانی شارەزا لە بواری رێکخستن و گەشتیاری کراوە کە خوێندکارو گەشتیارن**

**را پرسی لەسەر بوونی بنەمای گەشتیاری لەشاری هەولێر**

**خشتەی ژمارە ( 3 )**

| ژ | پرسیار لە را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئایا ناوچە گەشتیاریەکانی هەولێر بنەمای گەشتیاری هەیە؟ | 16 | 14 | 0 | 10 |

**( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )**

1- **لەم پرسیارەدا ئایا ناوچە گەشتیاریەکانی هەولێر بنەمای گەشتیاری هەیە، 16 کەس وتیانە لەگەلیمە، 14 کەس وتیانە نەخێر لە گەلی نیمە دیارەهیچ کەس بە تەواوی لەگەلی مەی هەلنەبشاردووە وە هەوەها، 10 کەس وتیانە بە تەواوی لەگەلی نیمە ئەمەش دەر خەری ئەوەیە کە رێژەی ٪40 وتیانە بەلی لەگەلی مە کە هەولێر بنـاماى گەشتیاری هەیە .**

**را پرسی لەبارەی ئایە خەلکی هەولێر رۆشنبیری گەشتیاریان هەیە ؟**

**خشتەی ژمارە ( 4 )**

| ژ | پرسیار لە را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | ئایە خەلکی هەولێر رۆشنبیری گەشتیاریان هەیە ؟ | 20 | 12 | 0 | 8 |

**( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )**

2- **لەم پرسیارە دا ئایە خەلکی هەولێر رۆشنبیری گەشتیاریان هەیە ؟ 20 کەس ووتیانە بەلی لەگەلی مە ،12 کەس نەخێر لەگەلی نیمە،8 کەس دەلێن بە تەواوی لەگەلی نیمە .**

را پرسی لەبارەی ئەنجامی بوونی وەك پێویست ڕێکخستن بۆ کاری گەشتیاری کراوە لە لایەن دەزگای پەیوەندیدار بە کەرتی گەشتیاری کراوە ؟

خشتەی ژمارە ( 5 )

| ژ | پرسیار لە را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | ئایە وەك پێویست ڕێکخستن بۆ کاری گەشتیاری کراوە لە لایەن دەزگای پەیوەندیدار بە کەرتی گەشتیاری ؟ | 2 | 32 | 0 | 6 |

( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )

3- لە پرسیارەدا ئایە وەك پێویست ڕێکخستن بۆ کاری گەشتیاری کراوە لە لایەن دەزگای پەیوەندیدار بە کەرتی گەشتیاری ؟ 2 کەس ووتیانە بەلی ،32 کەس وتیانە نەخێر لەگەلی نیمە ، 6 کەس دەلێن بە تەواوی لەگەلی نیمە

ئەنجامی دەرچوونی را پرسی دەربارەی ئایا ڕێکخستنەوەی سەکتەرەکانی کەرتی گەشتیاری لەکاتی ئێستادا پێوەیستە ؟

خشتەی ژمارە ( 6 )

| ژ | پرسیار لە را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | ئایا ڕێکخستنەوەی سەکتەرەکانی کەرتی گەشتیاری لەکاتی ئێستادا پێوەیستە ؟ | 14 | 14 | 6 | 4 |

( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )

4- لەم پرسارە دا ئایا ڕێکخستنەوەی سەکتەرەکانی کەرتی گەشتیاری لەکاتی ئێستادا پێوەیستە ؟ 14 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ، 14 کەس دەلێن نەخێر لە گەلی نیمە ، 6 کەسدەلێن بە تەواوی لەگەلی مە ، 4 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

ئەنجامی دەرچوونی را پرسی دەربارەی پێت باشە زیاتر گرنگی بە کەرتی گەشتیاری بدرێت ؟

خشتەی ژمارە ( 7 )

| ژ | پرسیار لە را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | پێت باشە زیاتر گرنگی بە کەرتی گەشتیاری بدرێت ؟ | 20 | 6 | 8 | 6 |

( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )

5- لەم را پرسیارە پێت باشە زیاتر گرنگی بە کەرتی گەشتیاری بدرێت ؟ لەم را پرسیارە دا 20 کەس دەلێن بەلی ،6 کەس دەلێن نەخێر ، 8 کەس دەلێن بەتەوای لەگەلی مە ، 6 کەس بە تەواوی لەگەلی نیمە .

ئە نجامی دەرچوونی ڕا پرسی دەربارەی ئایا سەردانی کردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیاریەکان سودی هەیە ؟

خشتەی ژمارە ( 8 )

| ژ | پرسیار لە ڕا پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ئایا سەردانی کردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیاریەکان سودی هەیە ؟ | 20 | 4 | 12 | 2 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕا پرسی )

6- لەم ڕا پرسیارە ئایا سەردانی کردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیاریەکان سودی هەیە ؟ 20 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ، 4 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 12 کەس دەلێن بە تەواوی لەگەلیمە ،2 کەس دەلێن بە تەواوی لەگەلی نیمە

بوونی دەرئە نجامی پشکنینی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ ؟

خشتەی ژمارە ( 9 )

| ژ | پرسیار لە ڕا پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 7 | ئایا گەشتیارەکان پشکنینی تایبەتیان بۆ دەکرێ بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ ؟ | 12 | 8 | 12 | 8 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕا پرسی )

7- لەم ڕا پرسیەدا ئایا گەشتیارەکان پشکنینی تایبەتیان بۆ دەکرێ بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ ؟ 12 کەس دەلێن لە گەلی مە ،8 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ،12 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی مە ، 8 کەس بەتەواوی لەگەلی نینە

.

دەرئە نجامی هەبوونی ئەم پرسیارە ئایە قەیرانی هەرێم کار لە گەشتیارەکان دەکات ؟

خشتەی ژمارە ( 10 )

| ژ | پرسیار لە ڕا پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 8 | ئایە قەیرانی هەرێم کار لە گەشتیارەکان دەکات ؟ | 20 | 4 | 12 | 4 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕا پرسی )

8- لەم ڕا پرسیەدا ئایە قەیرانی هەرێم کار لە گەشتیارەکان دەکات ؟ 20 کەس دەلێن لەگەلی مە ، 4 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ،12 کەس بە تەواوی لەگەلی مە ، 4 کەس بەتەواوی لەگەلی نینە .

بوونی ڕای هاولاتیان دەربارەی هەر چوار وەرزی گەشت کردن وەك یەکە ؟

خشتەی ژمارە ( 11 )

| بەتەواوی لەگەڵی نیمە | بەتەواوی لەگەڵی مە | نەخێر ( لەگەڵی نیمە ) | بەلی ( لەگەڵی مە ) | پرسیار لە راپرسیدا | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 2 | 24 | 4 | ئایا رێژەی گەشتیار لە هەر چوار وەرزەکی وەکو یەکن یا نا ؟ | 9 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی راپرسی )

9- لەم راپرسیەدا ئایا رێژەی گەشتیار لە هەر چوار وەرزەکی وەکو یەکن یا نا ؟ 4 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ، 24 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 2کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلیمە ، 10 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نینە .

دەرئە نجامی راپرسی لە بارەی ئایا گەشتیارەکان حەز بە گەشتی درێژ خایەن دەکەن بە تایبەت لە هەولێر؟

خشتەی ژمارە ( 12 )

| بەتەواوی لەگەڵی نیمە | بەتەواوی لەگەڵی مە | نەخێر ( لەگەڵی نیمە ) | بەلی ( لەگەڵی مە ) | پرسیار لە راپرسیدا | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 8 | 8 | 12 | ئایا گەشتیارەکان حەز بە گەشتی درێژ خایەن دەکەن بە تایبەت لە هەولێر | 10 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی راپرسی )

10-لەم راپرسیەدا ئایا گەشتیارەکان حەز بە گەشتی درێژ خایەن دەکەن بە تایبەت لە هەولێر ؟ 12 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،8 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 8 کەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 10 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە

.

دەرئە نجامی بوونی لایانی ئاسایش بۆ گەشتیار فەراهەم کراوە ؟

خشتەی ژمارە ( 13 )

| بەتەواوی لەگەڵی نیمە | بەتەواوی لەگەڵی مە | نەخێر ( لەگەڵی نیمە ) | بەلی ( لەگەڵی مە ) | پرسیار لە راپرسیدا | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 8 | 10 | 18 | ئایا ئاسایش بۆ گەشتیار فەراهەم کراوە ؟ | 11 |

( لەکاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی راپرسی )

11-لەم راپرسیەدا ئایا ئاسایش بۆ گەشتیار فەراهەم کراوە ؟18 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،10 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 8 کەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 4 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

دەرئە نجامی رای هاولاتیان لە بارەی رات چۆنە وەك گەشتیارێك بەرامبەر بە خزمەت گوزاریەکانی گەشتیاری کوردستان؟

**خشتەی ژمارە ( 14 )**

| ژ | پرسیار لە راپرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 12 | ڕات چۆنە وەك گەشتیارێك بەرامبەر بە خزمەت گوزاریەكانی گەشتیاری كوردستان؟ | 14 | 20 | 0 | 6 |

( لەكاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی راپرسی )

12- لەم راپرسیەدا ڕات چۆنە وەك گەشتیارێك بەرامبەر بە خزمەت گوزاریەكانی گەشتیاری كوردستان؟ 14 كەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،20 كەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 0 كەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 6 كەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

**دەرئا نجامی رای هاولاتیان دەربارەی ئایا گەشتیارەكان بۆ مەبەستی گەشت زیاتر ڕوو لە شوێنە سروشتیەكان دەكەن ؟**

**خشتەی ژمارە ( 15 )**

| ژ | پرسیار لە راپرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | ئایا گەشتیارەكان بۆ مەبەستی گەشت زیاتر ڕوو لە شوێنە سروشتیەكان دەكەن ؟ | 26 | 6 | 4 | 4 |

( لەكاری توێژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی راپرسی )

13- لەم راپرسیەدا ئایا گەشتیارەكان بۆ مەبەستی گەشت زیاتر ڕوو لە شوێنە سروشتیەكان دەكەن ؟26 كەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،6 كەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 4 كەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 4 كەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

**دەرئە نجامی رای هاولاتیان لە بارەی لە ئێستادا لایەنی گەشتیاری لاواز بووە لایەنی دەسەلاتی ڕێكخستن دەتوانێت دووبارە لەجاران باشتر بەرەو پێشی ببات؟**

خشتەی ژمارە ( 16 )

| ژ | پرسیار له را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | له ئێستادا لایەنی گەشتیاری لاواز بووە لایەنی دەسەڵاتی رێکخستن دەتوانێت دووبارە لەجاران باشتر بەرەو پێشی ببات؟ | 24 | 10 | 4 | 2 |

( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )

14-لەم را پرسیەدا له ئێستادا لایەنی گەشتیاری لاواز بووە لایەنی دەسەڵاتی رێکخستن دەتوانێت دووبارە لەجاران باشتر بەرەو پێشی ببات؟ 24 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،10 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 4 کەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 2 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

دەرئە نجامی رای هاولاتیان دەربارەی ئایا لایەنی مادی گەشتیار تا چ رادەیەك کاریگەری دەکاتە سەر گەشتیار ؟

خشتەی ژمارە ( 17 )

| ژ | پرسیار له را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 15 | ئایا لایەنی مادی گەشتیار تا چ رادەیەك کاریگەری دەکاتە سەر گەشتیار ؟ | 16 | 10 | 10 | 4 |

( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )

15-لەم را پرسیەدا ئایا لایەنی مادی گەشتیار تا چ رادەیەك کاریگەری دەکاتە سەر گەشتیار ؟ 16 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،10 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 10 کەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 4 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .

ئە نجامی را پرسی دەربارەی ئایا داشکاندنی نرخی گەشتەکان تا چ رادەیەك بارو دۆخی گەشتیار باش دەکات ؟

**خشتەی ژمارە ( 18 )**

| ژ | پرسیار له را پرسیدا | بەلی ( لەگەلی مە ) | نەخێر ( لەگەلی نیمە ) | بەتەواوی لەگەلی مە | بەتەواوی لەگەلی نیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 16 | ئایا داشکاندنی نرخی گەشتەکان تا چ ڕادەیەك بارو دۆخی گەشتیار باش دەکات ؟ | 14 | 6 | 20 | 0 |

**( لەکاری تویژەران بە پشت بەستن بە فۆرمی را پرسی )**

16-**لەم را پرسیەدا ئایا داشکاندنی نرخی گەشتەکان تا چ ڕادەیەك بارو دۆخی گەشتیار باش دەکات ؟14 کەس دەلێن بەلی لەگەلی مە ،6 کەس دەلێن نەخێر لەگەلی نیمە ، 20 کەس دەلێن لەتەواوی لەگەلی مە، 0 کەس دەلێن بەتەواوی لەگەلی نیمە .**

**لە را پرسیەك لە بارەی ( چی باشە وەك یارمەتی دەرێك بۆ گەشتیاران بکرێت ؟ ) ئەو وەلامانەمان بە دەست کەوت وە ؟**

1- **رێبەری کردنی گەشتیاران**
2- **هەرزان کردنی نرخ .**
3- **خێرا چارەسەر کردنی کێشەی رووداوی هاتو چۆ وە لا دانی لەسەر رێگا .**
4- **خزمەت گوزاری**

## سەرچاوەکان


### قورئانی پیرۆز

1) سورەتی الزمر.

2) سورەتی العلق

### کتێبەکان

1) عبدالله، سامی صابر، عبدالله، مهاباد نوری، پرێنسیپەکانی کارگێڕی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013.

2) عومەر، لوقمان وسو، بنەماکانی جوگرافیای گەشت و گوزار بە پراکتیزەکردن لە قەزای کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2009.

3) بەرنووتی، د. سوعاد نائف، کار، تایبەتمەندی و وەزیفە کارگێڕیەکان، چاپخانەی ئارین، چاپی یەکەم، 2014.

4) ولی، احلام ابراهیم، عبدالله، سامی صابر، نجم، فاروق حکیم، بیردۆزی رێکخراو، چاپخانەی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم، 2015.

5) الجیوسی، محمد رسلان، جادالله، جمیلە، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی دووەم، 2014.

6) رۆستی، نادر ئاغا حسین، چۆن رەفتار لەگەڵ گەشتوگوزاردا بکەین؟، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، چاپی یەکەم، 2011.

7) رۆستی، نادر ئاغا حسین، گەشتێك بۆ گەشتوگوزار، چاپخانەی روکسنا، هەولێر، چاپی یەکەم، 2011

## لیستی راپرسی وەك پاشكۆیەك

| ژ | پرسیار لە راپرسیدا | بەڵێ (لەگەڵییە) | نەخێر (لەگەڵی نییە) | بەتەواوی لەگەڵیمە | بەتەواوی لەگەڵنیمە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئایا ناوچە گەشتیاریەكانی هەولێر بنەمای گەشتیاری هەیە ؟ | | | | |
| 2 | ئایە خەڵكی هەولێر ڕۆشنبیری گەشتیاریان هەیە ؟ | | | | |
| 3 | ئایە وەك پێویست رێكخستن بۆ كاری گەشتیاری كراوە لە لایەن دەزگای پەیوەندیدار بە كەرتی گەشتیاری ؟ | | | | |
| 4 | ئایا ڕێكخستنەوەی سەكتەرەكانی كەرتی گەشتیاری لەكاتی ئێستادا پێوەیستە ؟ | | | | |
| 5 | پێت باشە زیاتر گرنگی بە كەرتی گەشتیاری بدرێت ؟ | | | | |
| 6 | ئایا سەردانی كردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیاریەكان سودی هەیە ؟ | | | | |
| 7 | ئایا گەشتیارەكان پشكنینی تایبەتیان بۆ دەكرێ بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ ؟ | | | | |
| 8 | ئایە قەیرانی هەرێم كار لە گەشتیارەكان دەكات ؟ | | | | |
| 9 | ئایا ڕێژەی گەشتیار لە هەر چوار وەرزەكی وەكو یەكن ؟ | | | | |
| 10 | ئایا گەشتیارەكان حەز بە گەشتی درێژ خایەن دەكەن بە تایبەت لە هەولێر ؟ | | | | |
| 11 | ئایا ئاسایش بۆ گەشتیار فەراهەم كراوە ؟ | | | | |
| 12 | ڕات چۆنە وەك گەشتیارێك بەرامبەر بە خزمەت گوزاریەكانی گەشتیاری كوردستان؟ | | | | |
| 13 | ئایا گەشتیارەكان بۆ مەبەستی گەشت زیاتر ڕوو لە شوێنە سروشتیەكان دەكەن ؟ | | | | |
| 14 | لە ئێستادا لایەنی گەشتیاری لاواز بووە لایەنی دەسەڵاتی ڕێكخستن دەتوانێت دووبارە لەجاران باشتر بەرەو پێشی ببات ؟ | | | | |
| 15 | ئایا لایەنی مادی گەشتیار كاریگەری دەكاتە سەر گەشتیار ؟ | | | | |
| 16 | ئایا داشكاندنی نرخی گەشتەكان تا چ ڕادەیەك بارو دۆخی گەشتیار باش دەكات ؟ | | | | |